# راپۆرتی چاودێریی و هەڵسەنگاندنی کارەکانی پەرلەمانی کوردستان

# خانەنشینی نایاسایی



راپۆرتێکە سەبارەت بە هەوڵەکانی حکومەت لە بەنایاسایی خانەنشین کردنی ئەو پەرلەمانتارانەی دوای (٢٠٢٢/١١/٦) سوێندی یاساییان خوارد

راپۆرتی شازدەهەم

ساڵی پێنجەمی درێژکراوە

2024

NATIONAL ENDOWMENT FOR DEMOCRACY
SUPPORTING FREEDOM AROUND THE WORLD

PAY INSTITUTE
For Education & Development

لە بڵاوکراوەکانی ئینستیتیوتی پەی بۆ پەروەردە و گەشەپێدان ژمارە (١٠٤)

## ڕاپۆرتی چاودێریی و هەڵسەنگاندنی کارەکانی پەرلەمانی کوردستان

# خانەنشینی نایاسایی

## ڕاپۆرتێکە سەبارەت بە هەوڵەکانی حکومەت لە بەنایاسایی خانەنشین کردنی ئەو پەرلەمانتارانەی دوای ( ٢٠٢٢/١١/٦ ) سوێندی یاساییان خوارد

## ڕاپۆرتی شانزەهەم

خولی پێنجەمی درێژکراوە

٢٠٢٤

## ستافی کار

سەرپەرشتیار و بەڕێوەبەری پرۆژە:

**د. سەروەر عەبدولڕەحمان عومەر**

ڕێکخەری پرۆژە:

**محەممەد کەریم ئەحمەد**

بەرپرسی بەشی کوردی ڕوانگەی پەی:

**ئاریز دارا حەفید**

بەرپرسی بەشی عەرەبی ڕوانگەی پەی:

**میران حسین حەسەن**

ژمێریاری پرۆژە:

**ڕوانگە فایەق عەلی**

چاودێری پرۆژە:

**ڤیان محەمەد قەرەنی**

چاودێری پرۆژە:

**شۆخان مەحمود عەبدولمەجید**

تۆماری داتا:

**تروسکە سەروەر عەبدوڵڵا**

دیزاینەر:

**باڤین سەروەر**

٭- ئینستیتیوتی پەی بۆ پەروەردەو گەشەپێدان **(PAY)**:

-لە (٢٠١٣/١١/٢٦) بە فەرمی لە فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکانی هەرێمی کوردستان بە ژمارە (١٤٠٦) تۆمارکراوە.

-لە (٢٠٢٢/٢/٢٠) بە فەرمی لە فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکانی عیراق لە بەغدا بە ژمارە (٥١٨٦) تۆمارکراوە.

٭- پرۆژەی چاودێریی و هەڵسەنگاندنی کارەکانی پەرلەمانی کوردستان، لە خولی چواری پەرلەمانەوە بە هاوکاری سندوقی نیشتمانی بۆ پاڵپشتی دیموکراسی **(NED)**ی ئەمریکی دەستی پێ کردووە،


**ئینیستیتیوتی پەی بۆ پەروەردە و گەشەپێدان**

ناونیشان: سلێمانی – شەقامی سالم- تەلاری شامیر

تەلەفۆن: 0096453320502 - 07701564576

ئیمەیڵ: sarwary74@yahoo.com/ payinstitute@gmail.com

فەیسبوک: facebook.com/pay-institute

پێگەی ئەلکترۆنی: www.payinstitute.org



**مافی بڵاوکردنەوەی ئەم ڕاپۆرتە پارێزراوە بۆ ئینیستیتیوتی پەی بۆ پەروەردە و گەشەپێدان - ٢٠٢٤**

## ناوەڕۆك


خانەنشینی نایاسایی ........................................ ٥
خشتەی ( ١ ): بەشداری ئەندامەكان لە دانیشتنەكانی پەرلەمان ........................................ ٨
خشتەی ( ٢ ): بەشداری ئەندامان لە واژۆكردنی پێشنیازە یاساكاندا ........................................ ٨
خشتەی ( ٣ ): ژمارەی بەشداری ئاخاوتنی ئەندامەكان لە دانیشتنەكانی پەرلەمان ........................................ ٩
خشتەی ( ٤ ): ماوەی قسەكردنی ئەندامەكان لە دانیشتنەكانی پەرلەمان ........................................ ٩
خشتەی ( ٥ ): بەشداری ئەندامەكان لە كۆبوونەوەی لە لیژنەكانیاندا ........................................ ١٠
خشتەی ( ٦ ): ئەو موچانەی لەو ماوەیەدا بە نایاسایی لەلایەن ئەو ئەندامانەوە وەرگیراوە ........................................ ١٠
سۆز عەبدولقادر عەبدولڕەحمان ........................................ ١١
دلێر عەبدولخالق حاجی ........................................ ١٢
عەبدوڵلا حەسەن حەمەد ........................................ ١٣
لەیلا عەلی عەبدولعەزیز ........................................ ١٤
بێروان فەقێ ئیسماعیل ........................................ ١٥
ئە نجام ........................................ ١٦
ڕاسپاردە ........................................ ١٧
پاشكۆی ژمارە ( ١ ): خشتەی بڕی ئەو پارەیەی بە پێی یاسا پێویست بوو پەرلەمانتاران بیگێڕنەوە ........................................ ١٨
پاشكۆی ژمارە ( ٢ ): ئەو یاسایانەی دوای درێژكردنەوەی تەمەنی پەرلەمان دەرچوێنراون ........................................ ١٩
پاشكۆی ژمارە ( ٣ ): بڕیارەكەی دادگەی ئیتیحادی لەنێوان هەڕەشەو دەرفەتدا ........................................ ٢٠
پاشكۆی ژمارە ( ٤ ): نامەیەكی كراوە بۆ بەڕێز نێچیروان بارزانی سەرۆكی هەرێمی كوردستان ........................................ ٢٤
پاشكۆی ژمارە ( ٥ ): بڕیاری دادگەی ئیتیحادی سەبارەت بە نادەستوریبوونی درێژكردنەوەی تەمەنی پەرلەمان ........................................ ٢٦
پاشكۆی ژمارە ( ٦ ): یاسای چاكسازی لە مووچە و دەرماڵە و بەخشین و ئیمتیازاتەكان و خانەنشینی لە هەرێم ........................................ ٤٦
لە بڵاوكراوەكانی ئینیستیتیوتی پەی بۆ پەروەردە و گەشە پێدان ........................................ ٥٤

عربي

سەرەتا | دەربارە | پەرلەمان | یاسا و بڕیارەکان | پەروەردە | خوێندنی باڵا

روانگەی پەی
ئینستتیوتی پەی بۆ پەروەردە و گەشەپێدان
PAY INSTITUTE
For Education & Development

هەواڵەکان | کۆڕ




## ئەوانەی دادگای فیدراڵی مافی پەرلەمانتاریان لێ وەردەگرێتەوە

**May 31, 2023** | هەواڵەکانی پەرلەمان

دوای ئەوەی پەرلەمانی کوردستان لە **7/10/2023** بە نایاسایی تەمەنی خۆی درێژکردەوەو هەڵبژاردنی دواخست. لەبەرامبەردا لەئەنجامی سکالا لەلایەن دادگای فیدرالیەوە لە رۆژی **30/5/2023** ئەم هەنگاوەی پەرلەمانی کوردستانی بە نادەستوری ناوزەد کرد و رایگەیاند کە خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان لە رۆژی (**6/11/2022**)ەوە کۆتای هاتووە، وە رایگەیاند کە هەموو ئەو یاساو بڕیارانەی لە دوای (**6/11/2022**) لە پەرلەمانی کوردستان دەرچوبێت بەهەڵوەشاوە و نادەستوری هەژمار دەکرێت و حکومەتی هەرێمی بە حکومەتێکی کاربەڕێکەر ناوبرد.

بەپێی ئەم بڕیارەی دادگای فیدرالی هەموو ئەو کەسانەی لەدوای ئەم رێکەوتەوە لەشوێنی ئەندامە دەستلەکارکێشاوەکان کراون بە ئەندامی پەرلەمان، بە نایاسایی دادەنرێن و ناکرێت وەك ئەندامی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان هەژمار بکرێن و هەر ئیمتیازاتێکیشیان وەرگرتبێت نایاساییەو لێیان دەسەنرێتەوە. کە ئەمانەن؛

1-سۆز عبدالقادر عبدالرحمن، لەسەر فراکسیۆنی گۆڕان لە شوێنی ئەندامی دەستلەکا کێشاوەی بزوتنەوەی گۆڕان (شایان کاکە سالح) لە رۆژی (**30/11/2022**) لە پەرلەمان سوێندی خوارد.

2-دلێر عبدالخالق حاجی، لەسەر فراکسیۆنی گۆڕان لە شوێنی ئەندامی دەستلەکا کێشاوەی بزوتنەوەی گۆڕان (عەلی حەمە سالح) لە رۆژی (**15/3/2023**) لە پەرلەمان سوێندی خوارد.

3-بێریوان فەقێ ئیسماعیل، لەسەر فراکسیۆنی یەکگرتوو لە شوێنی ئەندامی دەستلەکا کێشاوە (هلز ئەحمەد محەمەد) لە رۆژی (**15/3/2023**) لە پەرلەمان سوێندی خوارد. لەکاتێکدا یەکگرتووی ئیسلامی بڕیاری دەستلەکار کێشانەوەی فراکسیۆنەکەیان لە پەرلەمان دابوو، بەڵام ناوبراو پەیوەست نەبوو بە بڕیاری حزبەکەیەوەو سور بوو لەسەر ئەوەی بچێتە پەرلەمان، لەسەر ئەوە یەکگرتووی ئیسلامی بڕیاری دوور خستنەوەی ناوبراویاندا لە حزبەکەیان.

4-عەبدوللا حەسەن حەمەد، لەسەر فراکسیۆنی بزوتنەوەی ئیسلامی لە شوێنی ئەندامە دەستلەکارکێشاوە یەکگرتوو (ئیسماعیل عەلی تەها) لە رۆژی (**15/3/2023**) لە پەرلەمان سوێندی خوارد.

5-لەیلا عەلی عەبدولعەزیز، لەسەر فراکسیۆنی بزوتنەوەی ئیسلامی لە شوێنی ئەندامە دەستلەکارکێشاوەی یەکگرتوو (سەرچنار ئەحمەد مەحمود) لە رۆژی (**15/3/2023**) لە پەرلەمان سوێندی خوارد.

6-مەهدی عەلی عەبدوللا، لەسەر فراکسیۆنی نەوەی نوێ لە شوێنی ئەندامی دەستلەکا کێشاوە (کازم فاروق) لە رۆژی (**15/3/2023**) لە پەرلەمان سوێندی خوارد.

فراکسیۆنەکان | لیژنەکان
ئامادەنەبوون | بەرنامەی کار
ڤیدیۆی دانیشتن | پرۆژەی یاسا

### لەگەڵمان بەردەوامبە

YouTube 54 | Like 9.5K

### هەواڵەکانی پەرلەمان



کۆمسیۆن: هیچ لیستێکی دیکە وەرناگرین



کۆمسیۆن: وادەی پێشکەشکردنی کاندیدانی حزب و لایەنەکان درێژناکرێتەوە



کۆمیسیۆن: داوامانلێکراوە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان دوابخرێت



هەڵوێستی بەشێك لە پێکهاتەکان لەبارەی بڕیارەکانی دادگای فیدراڵی

### بابەتەکان

هەواڵەکانی پەی | هەواڵەکانی پەرلەمان
راپۆرتەکانی ئینستیتوتی پەی | پەروەردە | خوێندنی باڵا
ڤیدیۆی دانیشتنەکانی پەرلەمان | ڤیدیۆ | بیروڕا | گەلەری
پرۆژەکانی پەی لە بواری پەروەردە
پرۆژەکانی پەی لە بواری خوێندنی باڵا | لیژنەکانی خولی پێنجەم
بەرنامەی کاری پەرلەمان | پرۆژە یاسا | ئامادەنەبوون
راپۆرتەکانی چاودێریی پەرلەمان | دانیشتنی پەرلەمان | یاساکان
بڕیارەکان | بڵاوکراوە لەسەر پەرلەمان | بڵاوکراوە - پەروەردە
بڵاوەکراوەکانی خوێندنی باڵا | راپۆرتەکانی دیکە

### پەڕەکان

سەرەتا
ئینستیتیوتی پەی
پەرلەمان
پرۆژەی چاودێری پەرلەمان
یاساو بڕیارەکان
پەروەردە
خوێندنی باڵا
بڵاوکراوە
لینك
ئەرشیف

روانگەی پەی
ئینستتیوتی پەی بۆ پەروەردە و گەشەپێدان
PAY INSTITUTE
For Education & Development

ئینستتیوتی پەی بۆ پەروەردەو گەشەپێدان، بەردەوام دەبێت لەسەر هەریەك لە پرۆژەکانی (چاودێری پەرلەمان و وەزارەتەکانی پەروەردە و خوێندنی باڵا) کە بە درێژای تەمەنی خۆی کاری لەسەر کردوون و هەوڵ دەدات بەشێك لە ئەرکەکانی رێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی رابپەرێنێت و ببێتە وێستگەیەك بۆ فشاری مەدەنی.


**ناونیشان**
سلێمانی ؛شەقامی سالم، تەلاری شا میر، بەرامبەر شارەوانی سلێمانی
هەولێر، شەقامی رووناکی، تەلاری رووناکی، بەرامبەر کەناڵی رووداو

مۆبایل: ٠٧٧٠١٥٦٤٥٧٦
ئیمەیل: sarwary74@yahoo.com payinstitute@gmail.com

## خانەنشینی نایاسایی

## حکومەتی هەرێم لەبەر شەڕکردن لەسەر موچەی نایاسایی، فریای بەرگریکردن لە موچەی یاسایی ناکەوێت!

پەرلەمانی کوردستان دوابەدوای ئەوەی بەهۆکاری نەگەیشتنە سازانی هێزە سیاسیەکان لەلایەك و لاوازی و بێ ئیرادەیی خۆیەوە نەیتوانی نەخشەڕێگایەك بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردن دابنێت و بەڕوو سوری تەمەنی خولەکەی خۆی کۆتاپێبێنێ، ئەوە بوو لە (٢٠٢٢/١٠/٩) بڕیاری درێژکردنەوەی تەمەنی خۆی بۆ ساڵێك دا، بۆ درێژکردنەوەکە چەند بیانوێکی هێنابوویەوە، کە لە هۆکارەکانی دەرچوونی یاساکەدا هاتبوو، وەك: رێگری کردن لە دروستبوونی بۆشایی یاسایی، گەرەنتیکردنی پاراستنی بەرژەوەندییە گشتییەکان، تەواوکردنی رێکسازییە یاسایی و کارگێڕی و هونەرییەکانی ئەنجامدانی هەڵبژاردنی، دەستەبەرکردنی تۆماری بایۆمەتری پاك و بێگەرد ڕەخساندنی ژینگەیەکی سیاسی لەبار بۆ هێنانەدی یەکڕیزی و کۆدەنگی نیشتیمانی.

بەڵام لەراستیدا هۆکارە راستەقینەکانی درێژکردنەوەکە لەوکاتەدا هیچ کام لەو بیانوانە نەبوون، چونکە ئەو بیانوانەی هێنرابوونەوە دەرەنجام بوون نەك هۆکار، هۆکارە هەقیقییەکان بریتی بوون لە: خراپی رەوشی جەماوەری لایەنە سیاسییە سەرەکییەکان و ترسیان لە هەڵبژاردن کە دەنگ و کورسیەکانیان کەم بێتەوە، هەروەها ململانێی ناتەندروستیان و باوەڕ نەبوونیان بە دەستاودەستکردنی دەسەلات. هەر ئەم هۆکارانەش بوونە مایەی ئەوەی پەرلەمان کەمتەرخەم بێت و بە ئەرکەکانی هەڵنەستێت.

دوای هەشت مانگ لە درێژکردنەوەی تەمەنی، پەرلەمان هیچ کام لەو ئەرکانەی جێبەجێنەکرد، نە رێگری کرد لە دروستبوونی بۆشایی یاسایی، نە گەرەنتی پاراستنی بەرژەوەندییە گشتییەکانی پێکرا، نە رێکسازییە یاسایی و کارگێڕی و هونەرییەکانی ئەنجامدانی هەڵبژاردنی تەواو کرد، نە تۆمارێکی بایۆمەتری پاك و بێگەردی دەستەبەر کردو نە هیچ ژینگەیەکی سیاسی لەباری رەخساند بۆ هێنانەدی یەکڕیزی و کۆدەنگی نیشتیمانی. بەپێچەوانەوە نەك هەر ئەوانەی نەکرد بەڵکو دەستەی سەرۆکایەتی ماوەیەکی زۆر دانیشتنە ئاساییەکانیشیان پەکخست.

دواتر لە (٢٠٢٣/٥/٣٠) بەهۆی چەند سکالایەکەوە، دادگەی ئیتیحادی بڕیاری نادەستوریبوونی درێژکردنەوەی تەمەنی پەرلەمانیدا، ئەو ماوەیەی لە (٢٠٢٢/١١/٦) تا (٢٠٢٣/٥/٣٠) ی بە نایاسایی دانا، بەمەش سەرجەم ئەو یاساو بڕیارانەی پەرلەمان دابوونی، ئەو هەنگاوانەی نابووی لە پڕکردنەوەی شوێنی ئەندامە دەستلەکارکێشاوەکان بە ئەندامی نوێ و سوێندخواردنیان، پوچەڵ کرانەوە.

بەپێی بڕیارەکەی دادگە، ئەو ماوەیەی پەرلەمانتاران موچەیان وەرگرتبوو نایاسایی بوو، دەبوایە موچەکان بۆ خەزێنەی گشتی بگێڕنەوە، بەلام هیچ پەرلەمانتارێك موچەکەی نەگێڕایەوە، بەوانەشەوە کە لە ئێستادا لیستیان دروستکردووە، یا لەنێو حزبەکانیاندا خۆیان کاندید کردۆتەوە، گوایە بۆ بەرگریکردن لە بەرژەوەندی هاولاتیان دەیانەوێ بچنەوە پەرلەمان! ئەمە لە کاتێکدا موچەخۆران تا ئێستا چوار موچەیان وەرنەگرتووە، کەچی پەرلەمانتارەکان حەوت موچەیان بە نایاسایی خوارد.

خۆ ئەگەر حکومەتی هەرێم و وەزارەتی دارایی، پەرۆشی موچەخۆران بوونایە دەبوایە شەڕی بڕینی موچەی نایاساییان بکردایە، ئەوکاتە موچەی یاسایی ئۆتۆماتیکی شوێنی خۆی دەکردەوە. لەکاتێکدا دەبوایە پابەند بن بە

گێڕانەوەو لێسەندنەوەی موچە نایاساییەکان، نەك هەر نەیانگێڕایەوە بەڵکو دوو مانگی تریشیان دوای دەرچوونی بڕیارەکەی دادگەی ئیتحادی بە نایاسایی بەسەر پەرلەمانتاراندا دابەشکرد.

ئێمە وەك ئینستتوتی پەی، چەندین راپۆرتمان بۆ رای گشتی بڵاو کردەوە، دەیان یادداشتمان پێشکەش بە لایەنە پەیوەندیدارەکان کرد، هەر لە سەرۆکایەتیەکانی هەرێم و ئەنجومەنی وەزیران و ئەنجومەنی دادوەریەوە تا وەزارەتی دارایی، بەڵام سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەتی دارایی بەردەوام بوون لە پێدانی موچە نایاساییەکە، یادداشتمان پێشکەش بە دامەزراوەکانی (داواکاری گشتی، دەستەی نەزاهە، دیوانی چاودێری دارایی) کرد، بەڵام ئەوانیش کە ئەرکی خۆیان بوو بەدواداچوون بکەن و رێگر بن، کەچی هیچکامیان دەنگیان لێوە نەهات!

سەرباری هەموو ئەوانە، لە ئێستادا فەزاحەتێکی گەورەتر بەڕێوەیە، بەپێی ئەو بەڵگەو دۆکیۆمێنتانەی دەست ئینستتیوتی پەی کەوتووە، پێنج لەو پەرلەمانتارانەی لە دوای (٢٠٢٢/١١/٦) بەنایاسایی سوێندیان خواردبوو، داواکارییەکیان پێشکەش بە سەرۆکایەتی دیوانی پەرلەمان کردووە و داوای خانەنشینی دەکەن، کە داواکاران بریتین لە (سۆز عەبدولقادر عەبدولڕەحمان) و (دلێر عەبدولخالق حاجی) لە بزوتنەوەی گۆڕان، (عەبدوڵڵا حەسەن حەمەد) و (لەیلا عەلی عەبدولعەزیز) لە بزوتنەوەی ئیسلامی، (بێروان فەقێ ئیسماعیل) لە یەکگرتووی ئیسلامی (هەر بۆ زانیاری دوای سوێندخواردنی بێروان فەقێ لە پەرلەمان، یەکگرتووی ئیسلامی ناوبراوی لە ریزەکانی خۆی دەرکرد)، بەپێی زانیارییەکانی ئینستتیوتی پەی سەرۆکایەتی دیوان بەبێ ئەوەی پشتگیریيان لێ بکات تەنها یادداشتەکەیانی ئاراستەی ئەنجومەنی وەزیران کردووە، دواتر داواکارییەکە لەلایەن وەزیری داراییەوە براوەتە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران و لە رۆژی (٢٠٢٤/٣/٢٧) یەکێك لە تەوەرەکانی کۆبوونەوەکە بووە، هەروەك بەڵێنیان پێدراوە، ئەگەری ئەوە هەیە هەر پێنجیان خانەنشین بکرێن. ئەمە لە کاتێکدایە کە موچەخۆران موچەی چوار مانگیان وەرنەگرتووە، رۆژی بەر لە کۆبوونەوەکەش سەرۆکی حکومەت لە میدیاکانەوە مۆژدەی ئەوەی دابوو گوایە لە کۆبوونەوەکەدا هەواڵی دڵخۆشکەری بۆ موچەخۆران و هاوڵاتیان پێیە! کەچی یەك لە تەوەرەکانی کۆبوونەوەکە تایبەت بوو بە خانەنشینکردنی ئەو پەرلەمانتارانە بە شێوەیەکی نایاسایی.

شایانی باسە ئەو بەرێزانە یەکێکیان تەنها (٥) مانگ، چوارەکەی تریشیان تەنها دوو مانگ و پانزە رۆژ لەپەرلەمان دەوامیان کردووە. یەکێکیان بەشداری (٥) کۆبوونەوەو ئەوانەی تر بەشداری تەنها (٣) کۆبوونەوەیان کردووە، هیچ کامیان هیچ پرۆژە یاسایەکیان واژۆ نەکردووە، بەشداری هیچ کۆبوونەوەیەکی لیژنەکانیان نەکردووە، تەنانەت بە هەر پێنجیان لەو ماوەیەی لە پەرلەمان بوونە تەنها (8:45) هەشت خولەك و چل و پێنج چرکە لە دانیشتنەکاندا قسەیان کردووە کەچی لەبەرامبەردا بە هەر پێنجیان بڕی (172.200.000) سەد و حەفتاو دوو ملیۆن دیناریان وەك موچە وەرگرتووە. ئێستاش بە نایاسایی داوای خانەنشینی دەکەن وەك ئەوەی بیریان چووبێت ئەو ماوە کورتەی لە پەرلەمان بوون بە یاسادارێژەر (مشرع) و پارێزەری یاسا ناوبراون! سەرجەم وردەکارییەکانیان لە خشتەکاندا خراونەتە روو.

جگە لەمانە لەو ماوەیەدا (واتە دوای درێژکردنەوەی تەمەنی بە نایاسایی) پەرلەمانی کوردستان (٧) یاسای پەسەند کردووە، کە بە نەبوو دادەنرێن، کەچی حکومەتی هەرێم بە بڕیارێك بە ژمارە (١٢٩٥٢) کە لە (٢٠٢٣/١٠/١٢)

دەریکردووە کار بەو یاسایانە دەکات، ئەمەش پێچەوانەی یاسا و بڕیاری دادگایە، لەداهاتوودا کێشە بۆ حکومەت و خەڵکی کوردستان دەنێتەوە.

ئەگەر سەبارەت بەم دۆسیانە، هەر کەسێك لە دادگەی ئیتیحادی سکاڵا تۆمار بکات، دادگا لەبەرژەوەندی سکاڵاکار و لە دژی حکومەتی هەرێم بڕیار دەدات، هەموو ئەو یاساو بڕیارانە و خانەنشین بوونە نایاساییەکان هەڵدەوەشێنێتەوە، داوای گێڕانەوەی ئەو موچە نایاساییانە دەکات کە وەرگیراون، ئەو کاتە حکومەتی هەرێم دیسانەوە رایدەگەیەنێ کە دادگەی ئیتیحادی دژ بە حکومەتی هەرێمە، لەکاتێکدا حکومەت خۆی کارتی نایاسایی دەدات بە دادگا تا دژی بجولێتەوە!

ئەم هەنگاوەی وەزارەتی دارایی و سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران، ئەگەر بچێتە سەر و ئەنجامبدرێت، وێڕای ئەوەی یاساشکێنیەکی روونە، دروستکردنی دۆخێکی ناعەدالەتییە لەنێوان تاکەکانی کۆمەڵگە، سوکایەتیشە بە دامەزراوەیەکی بەرز و پیرۆزی وەك پەرلەمان، چونکە پەرلەمانی پێ لاواز دەبێت، باشتر وابوو سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران و حزبە سیاسییەکان بەدواداچوونیان بکردایە بۆ ئەو بڕیارە نابەجێیەی دادگەی ئیتیحادی دەریکردووە کە هیچیتر نابێت "پەرلەمان مەرجەعی بالای یەکلاکردنەوەی پرسە چارەنوسسازەکانی خەڵکی کوردستان"بێت. لەبەر هیچنا لەبەر بەرژەوەندی خۆیان، چونکە تا دامەزراوەی پەرلەمان تۆکمەو بەهێز بێت، حکومەت بەهێزتر دەبێت و حیزبە سیاسییەکانیش ئاسودەتر لە هاتنەدی خواست و داواکارییەکانیان، بەلام بەداخەوە شەڕیان لەسەر ئەوەیە کامیان پێشێلی زیاتری یاسا بکەن لەپێناو دەسکەوت و بەرژەوەندیی بچوك!

## خشتەی (١)

## بەشداری ئەندامەکان لە دانیشتنەکانی پەرلەمان

| ژ | ناوی ئەندام | فراکسیۆن | ژمارەی دانیشتن | مێژووی دانیشتن |
|---|---|---|---|---|
| ١. | سۆز عەبدولقادر عەبدولڕەحمان | بزوتنەوەی گۆڕان | 5 | دانیشتنی ژمارە (١٥)ی ئاسایی ڕۆژی (٢٠٢٢/١١/٣٠) |
| | | | | دانیشتنی ژمارە (١)ی ئاسایی ڕۆژی (٢٠٢٣/٣/١) |
| | | | | دانیشتنی ژمارە (٢)ی ئاسایی ڕۆژی (٢٠٢٣/٣/١٥) |
| | | | | دانیشتنی ژمارە (٣)ی ئاسایی ڕۆژی (٢٠٢٣/٥/١٧) |
| | | | | دانیشتنی ژمارە (٤)ی ئاسایی ڕۆژی (٢٠٢٣/٥/٢٢) |
| ٢. | دلێر عەبدولخالق حاجی | گۆڕان | 3 | دانیشتنی ژمارە (٢)ی ئاسایی ڕۆژی (٢٠٢٣/٣/١٥) |
| | | | | دانیشتنی ژمارە (٣)ی ئاسایی ڕۆژی (٢٠٢٣/٥/١٧) |
| | | | | دانیشتنی ژمارە (٤)ی ئاسایی ڕۆژی (٢٠٢٣/٥/٢٢) |
| ٣. | عەبدوڵلا حەسەن حەمەد | بزوتنەوەی ئیسلامی | 3 | دانیشتنی ژمارە (٢)ی ئاسایی ڕۆژی (٢٠٢٣/٣/١٥) |
| | | | | دانیشتنی ژمارە (٣)ی ئاسایی ڕۆژی (٢٠٢٣/٥/١٧) |
| | | | | دانیشتنی ژمارە (٤)ی ئاسایی ڕۆژی (٢٠٢٣/٥/٢٢) |
| ٤. | لەیلا عەلی عەبدولعەزیز | بزوتنەوەی ئیسلامی | 3 | دانیشتنی ژمارە (٢)ی ئاسایی ڕۆژی (٢٠٢٣/٣/١٥) |
| | | | | دانیشتنی ژمارە (٣)ی ئاسایی ڕۆژی (٢٠٢٣/٥/١٧) |
| | | | | دانیشتنی ژمارە (٤)ی ئاسایی ڕۆژی (٢٠٢٣/٥/٢٢) |
| ٥. | بێروان فەقێ ئیسماعیل | سەربەخۆ | 3 | دانیشتنی ژمارە (٢)ی ئاسایی ڕۆژی (٢٠٢٣/٣/١٥) |
| | | | | دانیشتنی ژمارە (٣)ی ئاسایی ڕۆژی (٢٠٢٣/٥/١٧) |
| | | | | دانیشتنی ژمارە (٤)ی ئاسایی ڕۆژی (٢٠٢٣/٥/٢٢) |

## خشتەی (٢)

## بەشداری ئەندامان لە واژۆکردنی پێشنیازە یاساکاندا کە پێشکەشی پەرلەمان کراون و خوێندنەوەیان بۆ کراوە

| ژ | ناوی ئەندام | فراکسیۆن | ژمارەی پێشنیازە یاسا کە واژۆی کردووە |
|---|---|---|---|
| ١) | سۆز عەبدولقادر عەبدولڕەحمان | بزوتنەوەی گۆران | 0 |
| ٢) | دلێر عەبدولخالق حاجی | بزوتنەوەی گۆران | 0 |
| ٣) | عەبدوڵلا حەسەن حەمەد | بزوتنەوەی ئیسلامی | 0 |
| ٤) | لەیلا عەلی عەبدولعەزیز | بزوتنەوەی ئیسلامی | 0 |
| ٥) | بێروان فەقێ ئیسماعیل | سەربەخۆ | 0 |
| | **کۆی گشتی** | | 0 |

## خشتەی ( ٣ )

## ژمارەی بەشداری ئاخاوتنی ئەندامەکان لە دانیشتنەکانی پەرلەمان

| ژ | ناوی ئەندام | فراکسیۆن | ژمارەی وتەکانی |
|---|---|---|---|
| ١) | سۆز عەبدولقادر عەبدولڕەحمان | بزوتنەوەی گۆران | 2 |
| ٢) | دلێر عەبدولخالق حاجی | بزوتنەوەی گۆران | 4 |
| ٣) | عەبدوڵلا حەسەن حەمەد | بزوتنەوەی ئیسلامی | 4 |
| ٤) | لەیلا عەلی عەبدولعەزیز | بزوتنەوەی ئیسلامی | 1 |
| ٥) | بێروان فەقێ ئیسماعیل | سەربەخۆ | 0 |
| **کۆی گشتی** | | | 11 |

## خشتەی ( ٤ )

## ماوەی قسەکردنی ئەندامەکان لە دانیشتنەکانی پەرلەمان

| ژ | ناوی ئەندام | فراکسیۆن | ماوەی قسەکردن | بە نوسین |
|---|---|---|---|---|
| ١) | سۆز عەبدولقادر عەبدولڕەحمان | بزوتنەوەی گۆران | 01:27 | یەك خولەك و بیست و حەوت چرکە |
| ٢) | دلێر عەبدولخالق حاجی | بزوتنەوەی گۆران | 02:06 | دوو خولەك و شەش چرکە |
| ٣) | عەبدوڵلا حەسەن حەمەد | بزوتنەوەی ئیسلامی | 03:06 | سێ خولەك و شەش چرکە |
| ٤) | لەیلا عەلی عەبدولعەزیز | بزوتنەوەی ئیسلامی | 02:06 | دوو خولەك و شەش چرکە |
| ٥) | بێروان فەقێ ئیسماعیل | سەربەخۆ | 00:00 | هیچ قسەی نەکردووە |
| | **کۆی گشتی** | | 08:45 | هەشت خولەك و چل و پێنج چرکە |

## خشتەی ( ٥ )

## بەشداری ئەندامەکان لە کۆبوونەوەی لە لیژنەکانیاندا

**( ٢٠٢٣/٥/١٧ تا ٢٠٢٣/٥/٣٠ )**

| ژ | ناوی ئەندام | ئەندامێتی لە لیژنە | ژمارەی کۆبوونەوەکانی لیژنە لەو ماوەیە |
|---|---|---|---|
| ١. | سۆز عەبدولقادر عەبدولڕەحمان | کاروباری تەندروستی و ژینگە | لیژنە لەو ماوەیە هیچ کۆبوونەوەیەکی نەکردووە |
| ٢. | دلێر عەبدولخالق حاجی | دەستپاکی | لیژنە لەو ماوەیە هیچ کۆبوونەوەیەکی نەکردووە |
| ٣. | عەبدوڵڵا حەسەن حەمەد | پەروەردە و خوێندنی باڵا | لیژنە لەو ماوەیە هیچ کۆبوونەوەیەکی نەکردووە |
| | | شارەوانی و گواستنەوە و گەیاندن | لیژنە لەو ماوەیە هیچ کۆبوونەوەیەکی نەکردووە |
| ٤. | لەیلا عەلی عەبدولعەزیز | داکۆکی کردن لە ماف ئافرەت | لیژنە لەو ماوەیە هیچ کۆبوونەوەیەکی نەکردووە |
| | | ئەوقاف و کاروباری ئایینی | لیژنە لەو ماوەیە هیچ کۆبوونەوەیەکی نەکردووە |
| ٥. | بێروان فەقێ ئیسماعیل | کاروباری پێشمەرگە | لیژنە لەو ماوەیە هیچ کۆبوونەوەیەکی نەکردووە |
| | | کشتوکاڵ و ئاودێری | لیژنە لەو ماوەیە هیچ کۆبوونەوەیەکی نەکردووە |
| | کۆی گشتی | | کەسیان بەشداری هیچ کۆبوونەوەیەکیان نەکردووە |

## خشتەی ( ٦ )

## ئەو موچانەی لەو ماوەیەدا بە نایاسایی لەلایەن ئەو ئەندامانەوە وەرگیراوە

| ژ | فراکسیۆن | بڕی پارە کە بەنایاسایی وەرگیراوە | | |
|---|---|---|---|---|
| | | موچەی یەك مانگ | کۆی موچەی وەرگیراو | بە نوسین |
| ١. | سۆز عەبدولقادر عەبدولڕەحمان | 8.200.000 | 57.400.000 | پەنجاو حەوت ملیۆن و چوار سەد هەزار دینار |
| ٢. | دلێر عەبدولخالق حاجی | 8.400.000 | 28.700.000 | بیست و هەشت ملیۆن و حەوت سەد هەزار دینار |
| ٣. | عەبدوڵڵا حەسەن حەمەد | 8.400.000 | 28.700.000 | بیست و هەشت ملیۆن و حەوت سەد هەزار دینار |
| ٤. | لەیلا عەلی عەبدولعەزیز | 8.400.000 | 28.700.000 | بیست و هەشت ملیۆن و حەوت سەد هەزار دینار |
| ٥. | بێروان فەقێ ئیسماعیل | 8.400.000 | 28.700.000 | بیست و هەشت ملیۆن و حەوت سەد هەزار دینار |
| | **کۆی گشتی** | 41.000.000 | 172.200.000 | سەد و حەفتاو دوو ملیۆن و دووسەد هەزار دینار |

# سۆز عەبدولقادر عەبدولڕەحمان



| ز | بابەت | زانیاری کەسی |
|---|---|---|
| ١ | **ناوی سیانی** | سۆز عەبدولقادر عەبدولڕەحمان |
| ٢ | **نازناو** | بابان |
| ٣ | **ڕەگەز** | مێ |
| ٤ | **نەتەوە** | کورد |
| ٥ | **ئایین** | موسڵمان |
| ٦ | **لەدایکبوون** | 1960 |
| ٧ | **بڕوانامە** | ماستەر |
| ٨ | **فراکسیۆن** | بزوتنەوەی گۆڕان |
| ٩ | **پسپۆڕی** | ئامار |
| ١٠ | **مێژووی سوێندخواردنی وەك ئەندامی پەرلەمان** | ٢٠٢٢/١١/٣٠ |
| ١١ | **ئەندامێتی لە لیژنەکانی پەرلەمان** | کاروباری تەندروستی و ژینگە |
| ١٢ | **ژمارەی مۆبایل** | 07701211995 |
| ١٣ | **ئیمەیل** | soz_baban@yahoo.com |
| ١٤ | **تۆڕی کۆمەڵایەتی** | https://www.facebook.com/soz.baban.5 |

## چالاکی لەو ماوەی وەك ئەندامی پەرلەمان سوێندی یاسایی خواردووە ( ٢٠٢٢/١١/٣٠ تا ٢٠٢٣/٥/٣٠ )

| ز | بابەت | ژمارە |
|---|---|---|
| ١ | ماوەی دەوامی لە پەرلەمان | 6 مانگ |
| ٢ | بەشداری لە دانیشتنەکانی پەرلەمان | 5 |
| ٣ | بەشداری لە کۆبوونەوەکانی لیژنەکان | 0 |
| ٤ | ئەو پێشنیازە یاسایانەی ئیمزای لەسەر کردووە | 0 |
| ٥ | ئەو یادداشتانەی بەمەبەستی پرساندن واژۆی کردووە | 0 |
| ٦ | واژۆکردنی یادداشت بەمەبەستی خستنەڕووی بابەتێك بۆ گفتوگۆکردن | 0 |
| ٧ | پێشکەشکردنی بیرۆکە لە دانیشتنەکانی پەرلەمان | 0 |
| ٨ | بەشداری قسەکردنی لە دانیشتنەکان | 2 جار |
| ٩ | ماوەی قسەکردنی لە دانیشتنەکان | 01:27 بیست و حەوت چرکە |
| ١٠ | بڕی ئەو موچەیەی لەو ماوەیەدا بە نایاسایی وەریگرتووە | 57.400.000<br>پەنجاو حەوت ملیۆن و چوار سەد هەزار دینار |

# دلێر عەبدولخالق حاجی

| ز | بابەت | زانیاری کەسی | |
|---|---|---|---|
| ١ | **ناوی سیانی** | دلێر عەبدولخالق حاجی |  |
| ٢ | **نازناو** | – | |
| ٣ | **ڕەگەز** | نێر | |
| ٤ | **نەتەوە** | کورد | |
| ٥ | **ئایین** | موسڵمان | |
| ٦ | **لەدایکبوون** | 1985 | |
| ٧ | **بڕوانامە** | ماستەر | |
| ٨ | **فراکسیۆن** | بزوتنەوەی گۆڕان | |
| ٩ | **پسپۆڕی** | ڕاگەیاندن | |
| ١٠ | **مێژووی سوێندخواردنی وەك ئەندامی پەرلەمان** | ٢٠٢٣/٣/١٥ | |
| ١١ | **ئەندامێتی لە لیژنەکانی پەرلەمان** | دەستپاکی | |
| ١٢ | **ژمارەی مۆبایل** | 07701432286 | |
| ١٣ | **ئیمەیل** | dlerabdulxalq@gmail.com | |
| ١٤ | **تۆڕی کۆمەڵایەتی** | https://www.facebook.com/dlerabdulkhalq | |

## چالاکی لەو ماوەی وەك ئەندامی پەرلەمان سوێندی یاسایی خواردووە ( ٢٠٢٣/٣/١٥ تا ٢٠٢٣/٥/٣٠ )

| ز | بابەت | ژمارە |
|---|---|---|
| ١ | ماوەی دەوامی لە پەرلەمان | 2 مانگ و نیو |
| ٢ | بەشداری لە دانیشتنەکانی پەرلەمان | 3 |
| ٣ | بەشداری لە کۆبوونەوەکانی لیژنەکان | 0 |
| ٤ | ئەو پێشنیازە یاسایانەی ئیمزای لەسەر کردووە | 0 |
| ٥ | ئەو یادداشتانەی بەمەبەستی پرساندن واژۆی کردووە | 0 |
| ٦ | واژۆکردنی یادداشت بەمەبەستی خستنەڕووی بابەتێك بۆ گفتوگۆکردن | 0 |
| ٧ | پێشکەشکردنی بیرۆکە لە دانیشتنەکانی پەرلەمان | 0 |
| ٨ | بەشداری قسەکردنی لە دانیشتنەکان | 4 جار |
| ٩ | ماوەی قسەکردنی لە دانیشتنەکان | 02:06 دوو خولەك و شەش چرکە |
| ١٠ | بڕی ئەو موچەیەی لەو ماوەیەدا بە نایاسایی وەریگرتووە | 28.700.000<br>بیست و هەشت ملیۆن و حەوت سەت هەزار دینار |

## عەبدوڵلا حەسەن حەمەد



| ز | بابەت | زانیاری کەسی |
|---|---|---|
| ١ | **ناوی سیانی** | عەبدوڵلا حەسەن حەمەد |
| ٢ | **نازناو** | د.عەبدوللا وەرتی |
| ٣ | **رەگەز** | نێر |
| ٤ | **نەتەوە** | کورد |
| ٥ | **ئایین** | موسڵمان |
| ٦ | **لەدایکبوون** | ١٩٧٣ |
| ٧ | **بڕوانامە** | دکتۆرا |
| ٨ | **فراکسیۆن** | بزوتنەوەی ئیسلامی |
| ٩ | **پسپۆری** | شەریعەی ئیسلامی |
| ١٠ | **مێژووی سوێندخواردنی وەك ئەندامی پەرلەمان** | ٢٠٢٣/٣/١٥ |
| ١١ | **ئەندامێتی لە لیژنەکانی پەرلەمان** | پەروەردە و خوێندنی باڵا، شارەوانی و گواستنەوە و گەیاندن |
| ١٢ | **ژمارەی مۆبایل** | 07508283602 - 07504484931 |
| ١٣ | **ئیمەیل** | abdullah.1973hasan@gmail |
| ١٤ | **تۆڕی کۆمەڵایەتی** | https://www.facebook.com/abdulah.warti |

### چالاکی لەو ماوەی وەك ئەندامی پەرلەمان سوێندی یاسایی خواردووە ( ٢٠٢٣/٣/١٥ تا ٢٠٢٣/٥/٣٠ )

| ز | بابەت | ژمارە |
|---|---|---|
| ١ | ماوەی دەوامی لە پەرلەمان | 2 مانگ و نیو |
| ٢ | بەشداری لە دانیشتنەکانی پەرلەمان | 3 |
| ٣ | بەشداری لە کۆبوونەوەکانی لیژنەکان | 0 |
| ٤ | ئەو پێشنیازە یاسایانەی ئیمزای لەسەر کردووە | 0 |
| ٥ | ئەو یادداشتانەی بەمەبەستی پرساندن واژۆی کردووە | 0 |
| ٦ | واژۆکردنی یادداشت بەمەبەستی خستنەڕووی بابەتێك بۆ گفتوگۆکردن | 0 |
| ٧ | پێشکەشکردنی بیرۆکە لە دانیشتنەکانی پەرلەمان | 0 |
| ٨ | بەشداری قسەکردنی لە دانیشتنەکان | 4 جار |
| ٩ | ماوەی قسەکردنی لە دانیشتنەکان | 03:06 سێ خولەك و شەش چرکە |
| ١٠ | بڕی ئەو موچەیەی لەو ماوەیەدا بە نایاسایی وەریگرتووە | 28.700.000<br>بیست و هەشت ملیۆن و حەوت سەت هەزار دینار |

# لەیلا عەلی عەبدولعەزیز

| ز | بابەت | زانیاری کەسی | |
|---|---|---|---|
| ١ | **ناوی سیانی** | لەیلا عەلی عەبدولعەزیز |  |
| ٢ | **نازناو** | – | |
| ٣ | **رەگەز** | مێ | |
| ٤ | **نەتەوە** | کورد | |
| ٥ | **ئایین** | موسڵمان | |
| ٦ | **لەدایکبوون** | ١٩٧٦ | |
| ٧ | **بڕوانامە** | شەریعەی ئیسلامی | |
| ٨ | **فراکسیۆن** | بزوتنەوەی ئیسلامی | |
| ٩ | **پسپۆری** | شەریعەی ئیسلامی | |
| ١٠ | **مێژووی سوێندخواردنی وەك ئەندامی پەرلەمان** | ٢٠٢٣/٣/١٥ | |
| ١١ | **ئەندامێتی لە لیژنەکانی پەرلەمان** | داکۆکی کردن لە مافی ئافرت، ئەوقاف و کاروباری ئایینی | |
| ١٢ | **ژمارەی مۆبایل** | 07501122604 | |
| ١٣ | **ئیمەیل** | | |
| ١٤ | **تۆڕی کۆمەڵایەتی** | https://www.facebook.com/profile.php?id=100085781786075 | |

## چالاکی لەو ماوەی وەك ئەندامی پەرلەمان سوێندی یاسایی خواردووە ( ٢٠٢٣/٣/١٥ تا ٢٠٢٣/٥/٣٠ )

| ز | بابەت | ژمارە |
|---|---|---|
| ١ | ماوەی دەوامی لە پەرلەمان | 2 مانگ و نیو |
| ٢ | بەشداری لە دانیشتنەکانی پەرلەمان | 3 |
| ٣ | بەشداری لە کۆبوونەوەکانی لیژنەکان | 0 |
| ٤ | ئەو پێشنیازە یاسایانەی ئیمزای لەسەر کردووە | 0 |
| ٥ | ئەو یادداشتانەی بەمەبەستی پرساندن واژۆی کردووە | 0 |
| ٦ | واژۆکردنی یادداشت بەمەبەستی خستنەڕووی بابەتێك بۆ گفتوگۆکردن | 0 |
| ٧ | پێشکەشکردنی بیرۆکە لە دانیشتنەکانی پەرلەمان | 0 |
| ٨ | بەشداری قسەکردنی لە دانیشتنەکان | 1 جار |
| ٩ | ماوەی قسەکردنی لە دانیشتنەکان | 02:06 خولەك |
| ١٠ | بڕی ئەو موچەیەی لەو ماوەیەدا بە نایاسایی وەریگرتووە | 28.700.000<br>بیست و هەشت ملیۆن و حەوت سەت هەزار دینار |

# بێروان فەقێ ئیسماعیل

| ز | بابەت | زانیاری کەسی |
|---|---|---|
| ١ | **ناوی سیانی** | بێروان فەقێ ئیسماعیل باصو  |
| ٢ | **نازناو** | بێریوان هەرکی |
| ٣ | **ڕەگەز** | مێ |
| ٤ | **نەتەوە** | کورد |
| ٥ | **ئایین** | موسڵمان |
| ٦ | **لەدایکبوون** | ١٩٨٦ |
| ٧ | **بڕوانامە** | شەشی سەرەتایی |
| ٨ | **فراکسیۆن** | لەسەر لیستی یەکگرتووی ئیسلامی خۆی کاندید کردبوو |
| ٩ | **پسپۆری** | – |
| ١٠ | **مێژووی سوێندخواردنی وەك ئەندامی پەرلەمان** | ٢٠٢٣/٣/١٥ |
| ١١ | **ئەندامێتی لە لیژنەکانی پەرلەمان** | کاروباری پێشمەرگە، کشتوکاڵ و ئاودێری |
| ١٢ | **ژمارەی مۆبایل** | 07514901091 |
| ١٣ | **ئیمەیل** | نیە |
| ١٤ | **تۆڕی کۆمەڵایەتی** | نیە |

## چالاکی لەو ماوەی وەك ئەندامی پەرلەمان سوێندی یاسایی خواردووە ( ٢٠٢٣/٣/١٥ تا ٢٠٢٣/٥/٣٠ )

| ز | بابەت | ژمارە |
|---|---|---|
| ١ | ماوەی دەوامی لە پەرلەمان | 2 مانگ و نیو |
| ٢ | بەشداری لە دانیشتنەکانی پەرلەمان | 3 |
| ٣ | بەشداری لە کۆبوونەوەکانی لیژنەکان | 0 |
| ٤ | ئەو پێشنیازە یاسایانەی ئیمزای لەسەر کردووە | 0 |
| ٥ | ئەو یادداشتانەی بەمەبەستی پرساندن واژۆی کردووە | 0 |
| ٦ | واژۆکردنی یادداشت بەمەبەستی خستنەڕووی بابەتێك بۆ گفتوگۆکردن | 0 |
| ٧ | پێشکەشکردنی بیرۆکە لە دانیشتنەکانی پەرلەمان | 0 |
| ٨ | بەشداری قسەکردنی لە دانیشتنەکان | 0 |
| ٩ | ماوەی قسەکردنی لە دانیشتنەکان | 0 |
| ١٠ | بڕی ئەو موچەیەی لەو ماوەیەدا بە نایاسایی وەریگرتووە | 28.700.000<br>بیست و هەشت ملیۆن و حەوت سەت هەزار دینار |

# ئەنجام

١-بەهۆی پەیوەستنەبوون بە یاساو درێژکردنەوەی نادەستوریی تەمەنی پەرلەمانەوە، ماوەی ساڵ و نیوێکە هەرێمی کوردستان کەوتۆتە بۆشایی یاساییەوە.

٢-لەدوای درێژکردنەوەی تەمەنی، بەرلەمانی کوردستان (٧) یاسا و (١) بڕیاری دەرکردووە، بەپێی بڕیاری دادگە پەرلەمان لەو رۆژەوە کە کۆتایی هاتووە ناتوانێت هیچ کارێك بکات، هەر لەبەر ئەم هۆکارە ئەو یاسایانەی لە دوای ئەو مێژووەوە دەرچوێنراون پوچەڵن و ناکرێت کاریان پێ بکرێت. (بڕوانە پاشکۆی ژمارە ٢).

٣-لە دوای تەواو بوونی تەمەنی پەرلەمان لە (٢٠٢٢/١١/٦ تا ٢٠٢٣/٥/٣٠) دەستەی سەرۆکایەتی و پەرلەمانتاران (٦) موچەیەیان بە نایاسایی وەرگرتبوو کە دەبوایە بیگێڕنەوە بۆ خەزێنەی گشتی.

٤-لە دوای دەرچوونی بڕیاری دادگەی فیدراڵی سەبارەت بە نادەستوری بوونی درێژکردنەوەی تەمەنی پەرلەمان، دەستەی سەرۆکایەتی و پەرلەمانتاران (٢) موچەی تریان بە نایاسایی وەرگرت کە نەدەبوایە وەریبگرن.

٥-تا ئێستاشی لەگەڵدا بێت کە ساڵ و نیوێکە بەپێی یاسا خولی پێنجەمی پەرلەمان کۆتایی هاتووە، کەچی زۆرینەی ئەندامانی ئەم خولەی پەرلەمان شوقەو خانووەکانی پەرلەمان بەکاردەهێنن و چۆلیان نەکردووە کە ئەمەش بەکارهێنانی مولکی گشتیە لە دەرەوەی یاسا.

٦-دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان کە نزیکەی ساڵ و نیوێکە بەپێی یاسا لە ئەرکەکانیاندا نەماون، کەچی تا ئێستاشی لەگەڵدابێت بەنایاسایی خانوەکانی پەرلەمان بەکاردەهێنن (کە هەریەکەیان لە دوو خانوودا نیشتەجێن)، ئۆتۆمبێلەکانی پەرلەمان بەکاردەهێنن، پاسەوانەکانی پەرلەمان هێشتا لەلایانن، هەریەك لە ئەندامانی دەستەی سەرۆکایەتی بەشێك لە فەرمانبەرانی ستافی نوسینگەکانی سەرۆکایەتی پەرلەمان لە بارەگا حزبیەکانی خۆیان بەکاردەهێنن.

٧-سەرباری ئەوەی حکومەت کار بەڕێکەرە، بەردەوامە لەسەر بەنایاسایی خانەنشین کردن و بەخشینەوەی پلەو ئیمتیازات.

## راسپاردە

١-هیچ کام لەو یاساو بڕیارانەی لەدوای (٢٠٢٢/١١/٦) لە پەرلەمانی کوردستانەوە دەرکراون کاریان پێنەکرێت، چونکە بەپێی یاسا پوچەڵن.

٢-ئەو بەڕێزانەی لە دوای (٢٠٢٢/١١/٦) لە پەرلەمانی کوردستان سوێندی یاساییان خواردوە، لەبەر ئەوەی پەرلەمان لەماوەی نادەستوریدا بووە، خانەنشین نەکرێن و بگەڕێنەوە سەر کاری پێشووی خۆیان.

٣-ئەو موچانەی لە دوای (٢٠٢٢/١١/٦) بە نایاسایی دراون بگێڕدرێنەوە بۆ خەزێنەی گشتی.

٤-هەریەك لە دامەزراوەکانی دەستەی دەسپاکی و دیوانی چاودێری دارایی و داواکاری گشتی بەدواداچوون بۆ ئەم دۆسیانە بکەن چونکە لەچوارچێوەی ئەرکی خۆیاندایە.

٥-لە زوترین کاتدا شوقەو خانوەکانی پەرلەمان لەلایەن پەرلەمانتاران و دەستەی سەرۆکایەتیەوە چۆڵ بکرێن و رادەستی ئیدارەی پەرلەمان بکرێنەوە.

٦-لەئێستادا کە دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بوونی نیە، نابێت سەرۆکایەتی دیوانی پەرلەمان بچێتە ژێر ئەو فشارانەی لەسەری دەکرێت، بۆ ئەوەی هیچیتر دامەزراوەیەکی گرنگی وەك پەرلەمان لەوە بێبایەختر نەکرێت.

## پاشکۆی ژمارە (١)

## خشتەی بڕی ئەو پارەیەی بە پێی یاسا پێویستە پەرلەمانتاران بیگێڕنەوە بۆ خەزێنەی گشتی

| ژ | فراکسیۆن | ژمارەی ئەندام | بڕی پارە کە پێویستە بیگێڕنەوە | |
|---|---|---|---|---|
| | | | بۆ یەك مانگ | بۆ هەشت مانگ |
| ١. | پارتی دیموکراتی کوردستان | 45 | 235.300.000 | 1.655.300.000 |
| ٢. | یەکێتی نیشتمانی کوردستان | 21 | 113.500.000 | 908.000.000 |
| ٣. | بزوتنەوەی گۆڕان | 10 | 52.000.000 | 416.000.000 |
| ٤. | ئەندامی تازەی گۆڕان/س.ع.ع | | 8.200.000 | 57.400.000 |
| ٥. | ئەندامی تازەی گۆڕان/د.ع.ح | | 8.400.000 | 28.700.000 |
| ٦. | ئەندامی دەستلەکار کێشاوەی گۆڕان/ ع.ح.ص | 1 | 6.200.000 | 18.600.000 |
| ٧. | ئەندامی دەستلەکار کێشاوەی گۆڕان/ ش.ك.ص | 1 | 0 | 0 |
| ٨. | جولانەوەی نەوەی نوێ | 4 | 0 | 0 |
| ٩. | ئەندامی دەستلەکار کێشاوەی نەوەی نوێ/ ك.ف. | 1 | 6.200.000 | 18.600.000 |
| ١٠. | کۆمەڵی دادگەری کوردستان | 7 | 35.400.000 | 283.200.000 |
| ١١. | یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان | 5 | 21.000.000 | 84.000.000 |
| ١٢. | لیستی سەردەم | 1 | 4.200.000 | 33.600.000 |
| ١٣. | لیستی ئازادی | 1 | 4.200.000 | 33.600.000 |
| ١٤. | پارتی گەشەپێدانی تورکمانی | 2 | 10.400.000 | 83.200.000 |
| ١٥. | لیستی چاکسازی تورکمانی | 1 | 5.500.000 | 44.000.000 |
| ١٦. | لیستی بەرەی تورکمانی | 1 | 4.200.000 | 33.600.000 |
| ١٧. | لیستی میللەت | 1 | 4.200.000 | 33.600.000 |
| ١٨. | هاوپەیمانی یەکێتی نەتەوەیی | 3 | 14.600.000 | 116.800.000 |
| ١٩. | ئەنجومەنی گەلی کلدانی سریانی ئاشووری | 1 | 6.200.000 | 65.600.000 |
| ٢٠. | لیستی رافیدەین | 1 | 4.200.000 | 33.600.000 |
| ٢١. | لیستی ئەرمەن | 1 | 4.200.000 | 33.600.000 |
| ٢٢. | بزوتنەوەی ئیسلامی | 2 | 16.400.000 | 57.400.000 |
| ٢٣. | پەرلەمانتاری سەربەخۆ/ س.ف.م | 1 | 4.200.000 | 33.600.000 |
| ٢٤. | پەرلەمانتاری سەربەخۆ/ م.ب.ق | 1 | 4.200.000 | 33.600.000 |
| ٢٥. | پەرلەمانتاری سەربەخۆ/ د.ا.ح | 1 | 6.200.000 | 65.600.000 |
| ٢٦. | پەرلەمانتاری سەربەخۆ/ ش.ن.و | 1 | 6.200.000 | 65.600.000 |
| ٢٧. | پەرلەمانتاری سەربەخۆی تازە/ ب.ف.ا | 1 | 8.400.000 | 28.700.000 |
| | **کۆی گشتی** | | 593700000 | 4.265.500.000 |

## پاشکۆی ژمارە (٢)

## ئەو یاسایانەی دوای درێژکردنەوەی تەمەنی پەرلەمان دەرچوێنراون

| ز | ناوی یاسا | ژمارەو ساڵی یاسا | جۆری یاسا |
|---|---|---|---|
| ١. | یاسای گرتنی کاڵای قاچاغ وقەدەغەکراو لە مامەڵە پێکردن لەهەرێمی کوردستان ـ عێراق | (٨)ی ساڵی ٢٠٢٢ | یاسای بنچینەیی |
| ٢. | یاسای هەمواری یەکەمی یاسای پاراستن وچاککردنی ژینگە لەهەرێمی کوردستان ـ عێراق ژمارە (٨)ی ساڵی ٢٠٠٨ | (١١)ی ساڵی ٢٠٢٢ | هەموار |
| ٣. | یاسای پەروەردە و فێرکردن لە هەرێمی کوردستان – عێراق | (١٣)ی ساڵی ٢٠٢٢ | یاسای بنچینەیی |
| ٤. | یاسای رێکخستنی مامەڵەکردن لەگەڵ ئاژەڵە ماڵی و بێلانەکان | (١٤)ی ساڵی ٢٠٢٢ | یاسای بنچینەیی |
| ٥. | یاسای بەرکارکردن و هەمواری پیادەکردنی یاسای واژۆی ئەلیکترۆنی و مامەڵە ئەلیکترۆنییەکان ژمارە (٧٨)ی ساڵی ٢٠١٢ لە هەرێمی کوردستان – عێراق | (١٥)ی ساڵی ٢٠٢٢ | هەمواری یاسای عێراقی |
| ٦. | یاسای هەمواری پیادەکردنی یاسای بەرێوەبردنی ئەوقافی عێراقی ژمارە (٦٤)ی ساڵی ١٩٦٦ی هەموارکراو لە هەرێمی کوردستان – عێراق | (١٦)ی ساڵی ٢٠٢٢ | یاسای بنچینەیی |
| ٧. | یاسای هەمواری یەکەمی یاسای ئەنجومەنی شورای هەرێمی کوردستان ـ عێراق ژمارە (١٤)ی ساڵی ٢٠٠٨ | (١٧)ی ساڵی ٢٠٢٢ | هەموار |

## پاشکۆی ژمارە (٣)

## بڕیارەکەی دادگەی ئیتیحادی لەنێوان هەڕەشەو دەرفەتدا

لەئەنجامی ململانێی نێوان هێزە سیاسییەکانی هەرێم (بەتایبەت پارتی و یەکێتی) و کەمتەرخەمیان لە ئاست بەجێگەیاندنی ئەرکەکانیان، سەبارەت بە (یاسای هەڵبژاردن) چەند سکاڵایەک ئاراستەی دادگەی ئیتیحادی کران، دوای تاوتوێکردن و بەڕێوەچوونی چەندین دانیشتن، لە ڕۆژی (٢٠٢٤/٢/٢١)دا دادگای ئیتیحادی بڕیاری خۆی لەبارەی ئەو سکاڵایەوە دەرکرد کە (یەکێتیی نیشتمانی کوردستان) لەسەر سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان، سەرۆکی هەرێم و سەرۆک وەزیرانی هەرێم تۆماریکردبوو. سکاڵاکار داوای لە دادگای فیدراڵی کردبوو حوکم بدات بە نادەستوری بوونی ماددەکانی (١، ٩، ١٥، ٢٢، ٣٦)ی یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانی هەموارکراو، کە تایبەت بوون بە: ژمارەی ئەندامانی پەرلەمان، کورسی کۆتاکان، بازنەی هەڵبژاردن، تۆماری دەنگدەران و لیستی پاڵێوراوان. لە ئەنجامدا لە گرنگترین بڕیارەکانی دادگەی ئیتیحادی بریتی بوون لەمانەی خوارەوە، کە دەکرێت هەندێکیان بە تەکنیکی و ئەوانەی تریش بە سیاسین پۆلێن بکرێن:

١-تانە لە ماددەی (١) ی یاساکە دراوە کەتیایدا هاتبوو "پەرلەمانی کوردستان لە ١١١ ئەندام پێکدێت"، سکاڵاکار نوسیویە هیچ پێوەیک نیە بۆ دانانی کورسیەکان، بۆ ئەمەش پشتی بە بڕگەی (١)ی ماددەی (٤٩)ی دەستوری عیراق بەستووە کە هاوشێوەی ئەنجومەنی نوێنەران بێت: "یەک کورسی بۆ سەد هەزار کەس لە دانیشتوان". لەئەنجامدا دادگە بڕیاریدا بە کەمکردنەوەی ڕێژەی کورسیەکان بۆ (١٠٠) کورسی، لەکاتێکدا دیار نیە ئاخۆ دادگەی ئیتیحادیش لەکەمکردنەوەی کورسیەکان پشتی بە چ پێوەرێک بەستووە! ئەگەر بەپێی دەستور بوایە هەر سەد هەزار کەس لە دانیشتوان کورسییەکی بۆ دەستنیشان بکرایە، دەبوایە بکرێت بە (٦١) کورسی گشتی، چونکە بەپێی دوا ئاماری بەڕێوەبەرێتی گشتی ڕەگەزنامەی هەرێم ژمارەی دانیشتوانی هەرێم بریتییە لە (٦١٠٣٢٧٤) کەس. جگە لەمە دانانی ژمارەی (١٠٠) کورسیش لەگەڵ کاری پەرلەمانی و ڕاسپاردنی کوتلەی گەورەو پێکهێنانی حکومەتدا وێکنایەتەوەو ئەگەری دروستبوونی کێشەی هەیە.

٢-تانە لە مادەی (٩) ی یاساکە دراوە سەبارەت بە گۆڕینی جوگرافیای هەڵبژاردنی هەرێم لە یەک بازنەییەوە بۆ فرە بازنەیی، کە لە چوار بازنە کەمتر نەبێت، ئەم خاڵەشیان کارێکی بەجێیەو بەهۆیەوە نوێنەرایەتی ناوچەکان باشتر بەرجەستە دەبێت و بواری گزی و ساختەکاریش کەمتر دەبێتەوە. بەڵام ئەو چوار بازنەییەی لەلایەن دادگەی ئیتیحادیەوە هێنرایە کایەوە، دەکرا لە پەرلەمانی کوردستانیش بکرێت، لەکاتێکدا هەموو لایەنەکان ڕازی بوون لەسەری.

٣-تانە لە مادەی (١٥) ی یاساکە دراوە سەبارەت بە پێداچوونەوەو ڕێکخستنی تۆماری دەنگدەران، ئەمەیان کارێکی یاسایی و لەجێیەو جێگەی دەستخۆشیە، ساڵانێکە دەبوایە خودی پەرلەمان و حکوەتی هەرێم پێی هەڵسن. لەکاتێکدا ئامادەکردنی تۆمارێکی پاک و بێگەرد ئەرکی کۆمسیۆنی هەڵبژاردن و ڕاپرسی هەرێمە، ئەو کۆمسیۆنە لە ساڵی (٢٠١٥) دروستبووە، ڕاپرسیەک و تەنها یەک هەڵبژاردنی ئەنجامداوە، هەردووکیانی بە تۆماری دەنگدەرانی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی عیراق کردووە، بە تەکلیف وەری گرتووە، لەکاتێکدا (٩) کۆمسیاری بە پلە وەکیل وەزیر و (١٢) بەڕێوەبەری گشتی و (٥١٨) فەرمانبەری هەیە، ماوەی (٩) ساڵە مانگانە نزیکەی (٩٠٠) ملیۆن دیناری وەک موچەی نەسریە بۆ خەرج دەکرێت، کەچی تا ئێستاشی لەگەڵدابێت نەتوانراوە تۆمارێکی دەنگدەرانی بێگەرد دروستبکەن، کە ئەو کاتە کۆمسیۆنەکە هیچ کێشەیەکی یاسایی و سیاسی نەبوو، پرسیار ئەوەیە کۆمسیۆنێک کە نوێنەری لایەنی سکاڵاکاری تیادایە، بودجەو توانای مرۆییان هەبووە، بۆچی لەو ماوە دوور و درێژەدا هیچ کارێکیان لەسەر ئەو تۆمارە نەکرد؟ کەچی ئێستا ئەو داوایە لە بەغدا دەکەن؟ ئەوە چ باوەڕ بوونێکە بە کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکانی کوردستان و چ بەهەدەردانێکی داهاتی هەرێمە؟

٤- تانه له مادەی (٢٢) ی یاساکه دراوه سەبارەت به نادەستوری دانانی لیستی هەڵبژاردن که ڕێگه به لیستی تاکەکەسیش بدات، به مەرجی پاراستنی ڕێژەی ژنان. لایەنه سیاسییەکان دەیانتوانی له پەرلەمانی کوردستاندا کار لەسەر ئەو بابەته بکەن.

٥- تانه له مادەی (٣٦) ی یاساکه دراوه سەبارەت کورسی کۆتاکان، سکاڵاکار داوای دابەشکردنی کورسی کۆتاکانی کردووه بەسەر پارێزگاکاندا، بەڵام دادگا بڕیاریدا به لابردنی هەر (١١) کورسی کۆتا. بەپێی بڕیارەکه بوونی کورسی کۆتا نادەستورییه، ئەمەش لەگەڵ دەستور و یاسا و واقیعدا وێک نایەتەوه، بەتایبەتی کۆتای مەسیحییەکان، چونکه لەلایەک سیانزه ساڵ بەر له دەرکردنی دەستوری هەمیشەیی عیراق کۆتای مەسیحییەکان له ساڵی ١٩٩٢ ەوه لەپەرلەمانی کوردستاندا هەبووه و له مادەی (١٤١) ی دەستوریشدا هاتووه: "کارکردن بەو یاسایانەی که له هەرێمی کوردستان له ساڵی ١٩٩٢ ەوه دەرکراوه بەردەوام دەبێت، بەهەمان شێوه ئەو بڕیارانەش کارپێکراون که له حکومەتی هەرێمی کوردستان دراون – لەوانەش بڕیارەکانی دادگا و گرێبەستەکان، به مەرجێک پێچەوانەی دەستوور نەبێت". لەلایەکی تریشەوه بەپێی یاسای ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق، (٩) کورسی کۆتا له ئەنجومەنەکەدا هەیه، که پێنج لەوانه بۆ مەسیحییەکان تەرخان کراوه، بەمەش ئەو پرسیاره دێتەکایەوه: ئاخۆ نادەستوریبوونی کۆتای مەسیحییەکان لەکوێدایه؟ دادگای فیدراڵی ئەگەر سیستەمی کۆتای کوردستان به پێچەوانەی دەستوری عێراق دەزانێ، دەبوایه پێشتر کۆتا لەعێراقدا هەڵوەشێنێتەوه، ئینجا بڕیار لەسەر نادەستوری بوونی کۆتا له کوردستان بدات. که بڕیارەکەیشی دەرکرد، دەبوایه ئەلتەرناتیڤێکی بۆ مافی پێکهاتەکان پێشنیاز بکردایه و ڕەچاوی کێشه سیاسی، کولتوری، کۆمەڵایەتی و ئاینییەکانی کردبایه، به جۆرێک چارەسەری یاسایی بکردایه بەبێ ئەوەی مافەکانیان بەیەکجاری فەرامۆش بکات. لەلایەکی ترەوه دەبوایه سکاڵاکاران ئەوەیان به ئەگەر وەربگرتایه لەکاتی هەڵوەشاندنەوەی کورسی کۆتاکاندا کاریگەری لەسەر پرسی بەیەکەوه ژیان دەبێت که چەندین ساڵه له هەرێمدا بەرقەراره، کاریگەری لەسەر دۆخی شاری کەرکوک دەبێت که شاری بەیەکەوه ژیانەو کورد تیایدا زۆرینەیه و خواستی سەرکردایەتی کوردستانه که بگەڕێنرێتەوه سەر هەرێم. ئەو شەڕەی له بەغدا کردیان دەکرا له کوردستان بیانکردایه، ئەو لایەنانەی ملیان نەدەدا کورسی پێکهاتەکان دابەش بکرێ، سەری کێشا بۆ نەهێشتنی یەکجارەکی کورسیەکان وەدەرنانیان له پەرلەمانی کوردستان. ئەگەر له کوردستان چارەسەر بکرابوایه و له دوو پارێزگەدا چڕ نەکرابونایەوه سەری نەدەکێشا بۆ ئەوەی ڕەت بکرێنەوەو نەمێنن.

٦-جگه لەمانه دادگا بڕیاری له نادەستوریبوونی بڕگەی (٢) له مادەی (٥٦) یاساکه داوه، که پەرلەمان دەسەڵاتی بڕیاردانی له پرسه چارەنوس سازەکانی خەڵکی کوردستاندا نەبێت. لەکاتێکدا ئەم بابەته له داواکەدا نەهاتووه، بەپێی ئەمه دەبێت بڕیاری ژماره (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ی پەرلەمانیش هەڵبوەشێنرێتەوه که تیایدا هاتووه" پەرلەمانی کوردستان تاکه مەرجەعی سیاسی و دەستووری یه بۆ بڕیاردان لەسەر پرسه چارەنووسسازەکانی گەلی کوردستانی عیراق". بەپێی ئەم بڕیاره بێت ئیتر لەمەودوا دامەزراوەی پەرلەمان لەبایەخی کەمتریش دەبێتەوەو هیچیتر مەرجەعی خەڵکی کوردستان نابێت! لەکاتێکدا خەباتی سیاسی بەشێکی گەورەی لایەنه سیاسییەکان له هەرێمدا ئەوه بووه پەرلەمانی کوردستان ببێت به مەرجەعی باڵا، بۆ نمونه له پرسەکانی تایبەت به سەرۆکایەتی هەرێم، دەستور، پەیوەندییەکانی نێوان هەرێم و فیدراڵ و چەندانی تر لەژێر سەقفی پەرلەماندا یەکلایی بکرێنەوه. لەهەمووشی گرنگتر هەمیشه زۆرینەی پەرلەمان و سەرۆکایەتییەکەی لای ئەو هێزانه بووه که پارتی نەبوون، چونکه سەرۆکایەتی حکومەت لای پارتی و پەرلەمانیش لای لایەنەکانی تر بووه. له ئێستادا که مەرجەعیەتی باڵا له پەرلەمانی کوردستان وەردەگیرێتەوه، ئەو هێز و لایەن و کەسایەتیه سیاسی و ڕۆشنبیرانەی چەندین ساڵه شەڕی ئەوەیان دەکرد پەرلەمان مەرجەعی باڵای چارەسەرکردنی پرسه چارەنوسسازەکان بێت، لانی کەم بەپێی بانگەشەکانی ڕابردوویان، دەبوو ئەگەر ئیدانەی ماددەکانی تریش

ناکەن، ئیدانەی ئەو ماددەیەیان بکردایەو بهاتنایەتە دەنگ، چونکە گورزەکە بەر ئەوانە کەوتووە، کەچی جگە لەوەی سەبەبکارن، بێدەنگیشن.

پەیامەکانی پشت ئەم بڕیارە زۆر لەوە گەورەترە تا لە پرسی یاسای هەڵبژاردندا بچوک بکرێتەوە، چونکە جیا لەبڕیارەکانی دیکە کاریگەریی بەرچاوی لەسەر پێگە و چارەنوسی هەرێمی کوردستان دەبێت و لێکەوتەکانی ئایندەی قەوارەی سیاسی هەرێم دیاری دەکات. ئەوەش دەگەیەنێ کە تەنها ڕکابەرەکانی کورد پەنا نابەنە بەردەم دادگای باڵای ئیتیحادی بۆ بەرزکردنەوەی داوا دژ بە حکومەتی هەرێم، بەڵکو لایەنە سیاسییەکانی کوردستانیش ئەوەندە ناکۆکن! داوا لەسەر سەرۆکایەتییەکانی هەرێم بەرز دەکەنەوە بۆ بە نادەستوری ناساندنی یاساکانی پەرلەمانی کوردستان! ڕاستییەکی تاڵە لایەنەکانی هەرێم ئەوەندە ناتەبا بن، دامەزراوەکانی ئەوەندە ناکارا بن، پەنا بۆ دادگای باڵای ئیتیحادی ببرێت! دادگایەک (بەو پێکهاتەی ئێستای) چارەنوسی داواکاریەکانیان دیاری بکات و وەک پارێزەری مافە دەستورییەکانی گەلانی عێراق لێی بڕوانرێت.

لەراستیدا ئەم بڕیارەی دادگای ئیتیحادی، درێژە پێدەری کۆمەڵێک بڕیار و یاسا و هەنگاوە کە لە ڕابردودا دراون بۆ لەقاڵبدان و بچوک کردنەوە و دوو کەرتکردنی قەوارەی هەرێم، ئاماژەن بۆ ئەو خواستەی کە چیتر هەرێمی کوردستان وەک قەوارەیەکی سیاسی نەمێنێ، بەڵکو وەک یەکەیەکی کارگێڕی و هاوشێوەی هەریەک لە پارێزگاکانی تری عێراق ئەژمار بکرێت. ئەو هەنگاوە مەترسی ئەوەی لێدەکەوێتەوە لەمەودوا پەرلەمان نەتوانێت بە ڕۆڵی تەشریعی خۆی هەڵسێ و نەتوانێ هیچ یاسایەکی بنچینەیی چارەنوسساز لە هەرێمی کوردستان دەربکات، چونکە ئەگەر تۆزقاڵێک بە دڵی دەسەڵاتدارانی بەغدا نەبێت دادگەی ئیتیحادی هەڵی دەوەشێنێتەوە. ئەمەش وادەکات پەرلەمان لە دامەزراوەیەکی یاسادانانەوە ببێت بە دامەزراوەیەکی بێ ڕۆڵ و کاریگەر، کاتێکیش دامەزراوەی تەشریعی ڕۆڵی نەمێنێ، ئۆتۆماتیکی سیستەمەکە لە لامەرکەزی سیاسییەوە دەبێت بە لامەرکەزی ئیداری، ئەمەش سەرەتای نەمانی فیدرالیەتە. چونکە نیەتێک هەیە لە عیراقدا کە دەوڵەتەکە ببێتەوە بە مەرکەزی و فیدرالیەت هەڵوەشێتەوە، ئەو ڕاستیەش لەمەوە سەرچاوە دەگرێ کە تا ئێستا ڕێگری لە پێکهێنانی هەرێمێکی تری شیعی یا سوننی دەکرێت و بە ئاشکرا بەر بەو هەوڵانە دەگیرێت کە لە خواروو و ناوەڕاستی عیراقدا هەن، کە ئەمەش پێچەوانەی دەستورە. بۆ بەجێگەیاندنی ئەم مەرامە و داخستنی دەرگەی پێکهێنانی هەرێمی تر، دەخوازن بە هەڵوەشاندنەوەی هەرێمی کوردستان دەست پێبکەن.

بەڵام ئایا لە هۆکاری بنەڕەتی ئەم ڕوداوانە تەنها نەیارەکانی بەغدان؟ یان لەئەستۆی ئەو لایەنانەیە کە سکاڵایان تۆمار کردووە؟ یاخود، بنچینەی هەڵەکان خودی هەرێمە و دوای چارەسەرنەکردنی کێشەکانی وەکو برینی موچە، سیستەمی هەڵبژاردن و ڕێک نەکەوتن لەسەر کۆتا و چەندانی تر؟ دەبێ ئەو ڕاستیە بزانرێت بەشێکیان جگە لەوەی ویستێکی نێودەوڵەتی و هەرێمایەتی و عێراقیان لە پشتەوەیە، بەشەکەی تری دەرەنجامی بنبەستی سیاسیی هەرێم و نەمانی شەرعییەتی دامەزراوەکانی و پشتگوێ خستنی دەنگە دڵسۆزەکان بوو، خەسڵەتەکانی بێ ئاگایی و گەندەڵی و نادادی و نەبونی حکومەتێکی نیشتمانی یەکگرتوو و دەسەڵاتێکی ڕەشید لە هەرێمی کوردستان هۆکاری سەرەکین. سەرباری ئەوەی بەشێکی هێزە سیاسییەکان تاکڕەوانە هەنگاویان دەنا، لە بری ئەوەی ململانێکانیان ببەنە ناو پەرلەمان، کەچی بۆ دەستشکانەوەی یەکتر هانایان بۆ بەغدا برد، لەکاتێکدا عیراق بۆخۆی بەدەست دەیان کێشەی دەستوری و سیاسییەوە دەناڵێنێ! هێزە سیاسییەکان دەرەقەتی ململانێکانی خۆیان نەدەهاتن لەناو پەرلەمان و حکومەت، بەغدایان بە فریادڕەس زانی تا ململانێکانیان بۆ یەکالا بکاتەوە. لەناو ئەو بەرداشەشدا هاوڵاتیانی هەرێم و ئەزمونەکەی زەرەرمەندی یەکەم بوون. کە ناچار کران بۆ مافەکانی قوت و ژیانیان هانا بۆ بەغدا ببەن. ئێستاش لایەنە سیاسییەکان بەناچاری ئەبێ رازی بن بەوەی

بەسەریاندا سەپێنراوە، چونکە ئەم بڕیارە بە پێی ماددەی (٩٤)ی دەستور پابەند کارە، قابیلی تانەو پێداچوونەوە نیەو تەنها دەبێ جێبەجێ بکرێت.

ئەگەر دەسەڵاتی هەرێم نیشتمانیانە و دڵسۆزانە کاری بکردایە، خەڵکی بە هی خۆیانیان دەزانی و هانایان بۆ هیچ لایەنێکی تری دەرەکی نەدەبرد! ئەگەر لە هەرێمدا دەستور پەسەند بکرایە، ئێستا نە دەستوری عێراق لە هەموو ڕوویەکەوە دەکرایە مەرجەعیەتی یاسایی بۆ کوردستان و نە بەغداش دەبووە قیبلەگای چارەسەر، بەڵام لایەنە سیاسییەکان، ئەوەندەی سەرقاڵی بابەتی لاوەکی و بەرژەوەندی حزبی بوون، نەپەرژانە سەر بەجێگەیاندنی بڕیارە ستراتیژییەکانی تایبەت بە بەرژەوەندی خەڵکی کوردستان.

یەکێکی تر لە هۆکارەکان سیاسەتی نادروستی هێزە سیاسییەکانە لەهەمبەر شەرعیەتی دامەزراوەکان و بێبایەخ کردنیان، کە مامەڵەکردن لەگەڵ پەرلەمان لەلوتکەی ئەو بێ ئەرزش کردنەدا خۆی دەبینێتەوە، بۆیەش بەرپرسیاری یەکەم لەو پاشاگەردانیە مێژووییەی رووی لە ئەزمونەکە کردووە، خولی پێنجەمی پەرلەمان و سەرۆکایەتیەکەی بوون، کە جێبەجێکاری ئەو سیاسەتە قێزەونە وێرانکەرە بوون. چونکە هیچکام لە گرفتەکانی هەمواری یاسای هەڵبژاردن، بژارکردن و پاک کردنەوەی تۆماری دەنگدەران، دۆسیەی کۆتاکان، نوێکردنەوەی دامەزراوەو دەستەکانی وەک کۆمسیۆنی هەڵبژاردن، دەستەی دەستپاکی، دیوانی چاودێری دارایی ئەوەندە قورس نەبوون تا پەرلەمان نەتوانێ چارەسەریان بکات، لاوازی و دەستەمۆیی و بێ ئیرادەییان وای کرد لەئاست بەرپرسیارێتی و بەجێگەیاندنی ئەرکە سەرەتاییەکانی پەرلەمان و ئەو سوێندە یاساییەدا نەبن کە خواردبوویان!

ئەو پاشاگەردانی و گەرەلاوژەیەی لە هەرێمدا دەگوزەرێت، ئاسۆی بینینی لای تاکی کورد لێڵ کردووە، تا ئاستێک دۆست و دوژمنی لێتێکەڵ ئەبێت و سەرکەوتن و شکست لە یەک جیا ناکاتەوە. پارتی و یەکێتی، وەک دوو هێزی سەرەکی، لەبری پاراستنی شوناسی کورد و سەروەریی نیشتمان، خەریکی پاراستنی بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی خۆیانن، دەبێ لەو راستیە بگەن، ئەو شێوازە حوکمرانیەی تا ئێستا لە هەرێمدا پەیرەویان کردووە شکستی خواردوە، بەردەوامبوون لەسەری هەم کۆتایی بە ئەزمونەکە دەهێنێت و هەم لەبەردەم مێژوودا تۆمەتبار دەبن بە لەباربردن و بەفیرۆدانی خەبات و قوربانیدانی قۆناغێکی بزوتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان، بۆ دەرباز بوون پێویستمان بە لێبوردەیی و بنیاتنانی سیستمێکی سەردەمیانەی نوێ هەیە، پێویستە ئەو مەترسیانەی ببنە هۆی راچڵەکینی سەرکردایەتی کوردستان و بیکەن بە دەرفەتێک بۆ دەرچوون لەو میحنەتانەی بەسەر خەڵکی کوردستان و ئەزمونەکەیاندا هێناوە.

**ئینستتیۆتی پەی بۆ پەروەردەو گەشەپێدان**
**٢٠٢٤/٣/٤**

### پاشکۆی ژمارە (٤)

## نامەیەکی کراوە بۆ بەڕێز نێچیروان بارزانی
## سەرۆکی هەرێمی کوردستان

سادساً: استناداً لأحكام المادة (الأولى) المعدلة من قانون المجلس الوطني لكردستان العراق رقم (١) لسنة ١٩٩٢ يتكون المجلس المذكور آنفاً من مائة واحد عشر عضواً يجري انتخابهم بالاقتراع السري المباشر استناداً لأحكام المادة (الثانية) من نفس القانون، ونصت المادة (الثانية عشر) من نفس القانون على أن: (يحدد موعد الانتخابات بقرار من رئيس الإقليم خلال خمسة عشر يوماً من تاريخ انتهاء مدة المجلس أو صدور قرار منه بحل نفسه، ويعلن بوسائل الإعلام على المواطنين قبل الموعد المحدد لها بما لا يقل عن شهر)، ونصت المادة (الحادية والخمسون) من نفس القانون على أن: (مدة المجلس ثلاث سنوات تبدأ من أول جلسة له

الرئيس
جاسم محمد عبود

١٧ م.ق طارق سلام

Federal Supreme Court - Iraq- Baghdad
Tel -009647706770419
E-mail: federalcourt_iraq@yahoo.com
PO.BOX: 55566

المحكمة الاتحادية العليا . العراق . بغداد . حي الحارثية . موقع ساعة بغداد
هاتف - ٠٠٩٦٤٧٧٠٦٧٧٠٤١٩
البريد الالكتروني
ص . ب -٥٥٥٦٦

بسم الله الرحمن الرحيم



وتنتهي بانتهاء آخر جلسة في السنة الثالثة)، المعدلة بموجب المادة (٣) من القانون رقم (٥) في ١٩٩٨/٤/٢٩ التعديل الأول لقانون رقم (١) لسنة ١٩٩٢ والتي نصت على: ((تعدل المادة الحادية والخمسون وتقرأ كالآتي (مدة المجلس أربع سنوات تبدأ من أول جلسة له وتنتهي بانتهاء آخر جلسة في السنة الرابعة))، والمادة (٦) من النظام الداخلي لبرلمان كوردستان العراق والتي نصت على: ((دورة البرلمان (٤) أربع سنوات تبدأ من أول جلسة وتنتهي بانتهاء آخر جلسة في السنة الرابعة))، ولكل ما تقدم وحيث إن يوم ١٩٩٢/٥/١٩ يوماً خالداً في تاريخ شعب إقليم كوردستان والحركة الديمقراطية في العراق إذ قام الشعب الكوردستاني في هذا اليوم باختيار ممثليه الشرعيين لأول مرة في جو ديمقراطي لا مثيل له في تاريخ العراق ورغم الصعوبات التي واجهها شعب إقليم كوردستان وقيادته (الجبهة الكوردستانية) والمتمثلة بالضغوطات الخارجية والإمكانيات المحدودة والخبرة المتواضعة في مجال الانتخابات والإدارة المدنية، إلا أنها نجحت وبشكل كبير جداً، فضلاً عن هذا هناك عوامل ساندت هذا النجاح، والمتمثلة بالانتفاضة الشعبية في الإقليم، وصدور قرار مجلس الأمن رقم ٦٨٨ لسنة ١٩٩١ وسحب الحكومة العراقية لإدارتها في إقليم كوردستان، ورغبة الشعب الكوردستاني وقيادته المتمثلة بالجبهة الكوردستانية بالظهور بمظهر حضاري أمام العالم لا سيما مع وجود الكفاءات الجامعية والحقوقية في الإقليم، وتوفر التعددية الحزبية في الإقليم كل ذلك ساعد في استجلاء مظاهر الديمقراطية في إقليم كردستان العراق منذ عام ١٩٩٢.

سابعاً: إن الاحتجاج بضرورة تمديد عمل برلمان إقليم كردستان بغية تعديل قانون المفوضية العليا المستقلة للانتخابات والاستفتاء في الإقليم قول مردود دستورياً، ذلك أن البرلمان المنتهية ولايته لا يملك إصدار التشريعات أو تعديلها ولا سيما أن المفوضية العليا المستقلة للانتخابات الاتحادية وبموجب قانونها المرقم (٣١) لسنة ٢٠١٩ مسؤولة عن الإشراف على الانتخابات والاستفتاءات في جميع أنحاء العراق عند توافر مستلزماتها ووفقاً للقوانين النافذة.

ولكل ما تقدم وحيث إن الديمقراطية لا تأخذ فقط وجهاً سياسياً يقوم على أساس مشاركة الشعب في الحكم عبر ممثليه في إدارة الشؤون الوطنية بل تأخذ وجهاً آخر يقوم على مشاركة الجماعات

الرئيس
جاسم محمد عبود

١٨ م.ق طارق سلام

بسم الله الرحمن الرحيم

جمهورية العراق
المحكمة الاتحادية العليا

كۆماری عیراق
دادگای باڵای ئیتیحادی

العدد: ٢٣٣ وموحداتها ٢٣٩ و٢٤٨ و٢٥٣/اتحادية/٢٠٢٢

المحلية في إدارة شؤونها الذاتية وذلك من خلال مجالسها المنتخبة سواء كان ذلك في الإقليم أم في المحافظات غير المنتظمة في إقليم، وبما أن حق الاقتراع أي حق المواطن في أن يكون ناخباً أو منتخباً هو من الحقوق الدستورية الذي يجسد المبدأ الديمقراطي الذي يرتكز عليه النظام الدستوري في العراق وحيث إن دستور جمهورية العراق لعام ٢٠٠٥ وبموجب المادة (١٣) منه يملك العلوية والإلزامية في جميع أنحاء العراق وبدون استثناء، ولعدم جواز سن قانون يتعارض معه ويعد باطلاً كل نص يرد في دساتير الأقاليم أو أي نص قانوني آخر يتعارض معه، وحيث إن قانون استمرار الدورة الخامسة لبرلمان كوردستان العراق رقم (١٢) لسنة ٢٠٢٢ الصادر عن برلمان كوردستان والمتضمن في المادة (١/أولاً) منه: (تستمر الدورة الخامسة لبرلمان كوردستان – العراق إلى نهاية الفصل التشريعي الخريفي لسنة ٢٠٢٣، في جميع أعمالها ومهامها.) يتعارض مع أحكام المواد (١ و٢/ أولاً- ب، ج و٥ و٦ و١٣ و١٤ و١٦ و٢٠ و٥٦/ أولاً) من دستور جمهورية العراق لسنة ٢٠٠٥ لذا قررت المحكمة الاتحادية العليا ما يأتي:

١. الحكم بعدم دستورية قانون استمرار الدورة الخامسة لبرلمان كوردستان – العراق رقم (١٢) لسنة ٢٠٢٢ الصادر عن برلمان كوردستان – العراق في جلسته الاعتيادية رقم (١١) في ٢٠٢٢/١٠/٩ واعتبار مدة الدورة الخامسة لبرلمان إقليم كوردستان – العراق منتهية بانتهاء المدة القانونية المحدد لها بموجب المادة (٥١) من القانون رقم (١) لسنة ١٩٩٢ المعدلة بموجب المادة الثالثة من قانون رقم (٥) لسنة ١٩٩٨ قانون التعديل الأول لقانون رقم (١) لسنة ١٩٩٢، واعتبار كل ما صدر من برلمان إقليم كوردستان العراق بعد تلك المدة القانونية باطلاً من الناحية الدستورية استناداً لأحكام المادة (١٣/ ثانياً) من دستور جمهورية العراق لسنة ٢٠٠٥.

٢. رد الدعوى عن المدعى عليه الثاني (رئيس إقليم كوردستان/ إضافة لوظيفته) لعدم توجه الخصومة.

الرئيس
جاسم محمد عبود

١٩ م.ق طارق سلام

المحكمة الاتحادية العليا . العراق . بغداد . حي الحارثية . موقع ساعة بغداد
هاتف – ٠٠٩٦٤٧٧٠٦٧٧٠٤١٩
البريد الالكتروني
ص . ب –٥٥٥٦٦

Federal Supreme Court - Iraq- Baghdad
Tel -009647706770419
E-mail: federalcourt_iraq@yahoo.com
PO.BOX: 55566

بسم الله الرحمن الرحيم

جمهورية العراق
المحكمة الاتحادية العليا

كۆماری عیراق
دادگای باڵای ئیتیحادی

العدد: ٢٣٣ وموحداتها ٢٣٩ و٢٤٨ و٢٥٣/اتحادية/٢٠٢٢

٣. تحميل المدعين الرسوم والمصاريف وأتعاب محاماة، وكيل المدعى عليه الثاني (رئيس إقليم كوردستان إضافة لوظيفته) وتحميل المدعى عليه الأول (رئيس برلمان إقليم كوردستان/ إضافة لوظيفته) أتعاب محاماة وكلاء المدعين، مبلغاً مقداره (مائة) ألف دينار يوزع وفق القانون.

وصدر الحكم بالأكثرية باتاً وملزماً للسلطات كافة استناداً لأحكام المادتين (٩٣/ أولاً) و(٩٤) من دستور جمهورية العراق لسنة ٢٠٠٥ والمادتين (٤/ أولاً و٥/ ثانياً) من قانون المحكمة الاتحادية العليا رقم (٣٠) لسنة ٢٠٠٥ المعدل بالقانون رقم (٢٥) لسنة ٢٠٢١ وأفهم علناً في ١٠/ ذي القعدة/١٤٤٤ هجرية الموافق ٢٠٢٣/٥/٣٠ ميلادية

القاضي
جاسم محمد عبود
رئيس المحكمة الاتحادية العليا

٢٠ م.ق طارق سلام

المحكمة الاتحادية العليا . العراق . بغداد . حي الحارثية . موقع ساعة بغداد
هاتف – ٠٠٩٦٤٧٧٠٦٧٧٠٤١٩
البريد الالكتروني
ص . ب –٥٥٥٦٦

Federal Supreme Court - Iraq- Baghdad
Tel -009647706770419
E-mail: federalcourt_iraq@yahoo.com
PO.BOX: 55566

**پاشکۆی ژمارە ( ٦ )**

**بەناوی خودای بەخشندەو میهرەبان**
**بەناوی گەلەوە**
**سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان - عێراق**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە بڕگەی (یەکەم)ی ماددەی (دەیەم) لە یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ی هەموارکراو، و پاڵپشت بە یاساکاریی پەرلەمانی کوردستان لە دانیشتنی ژمارە (١٥)ی ئاسایی ڕۆژی ٢٠٢٠/١/١٦ کردوویەتی، بڕیارماندا بە دەرکردنی:

**یاسای ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٠**
**یاسای چاکسازی لە مووچە و دەرماڵە و بەخشین و**
**ئیمتیازاتەکان و خانەنشینی لە هەرێمی کوردستان - عێراق**

**بەشی یەکەم**
**ئامانجەکان**

**ماددەی (١):**

**یەکەم:** بەرجەستەکردنی بنەماکانی دادپەروەری و شایستە بوون لە خەرجکردنی مووچە و دەرماڵە و بەخشین و ئیمتیازاتەکانی دیکە لە هەرێمی کوردستان، و نەهێشتنی سوودمەندبوونی نا شایستە و ڕێگرتن لە بەهەدەردانی بوودجەی گشتی.

**دووەم:** بەدامەزراوەیکردن و یەکخستنی بەڕێوەبەرایەتی گشتی و بەڕێوبەرایەتی و فەرمانگە و یەکە جیاجیاکانی خانەنشینی لە بوارەکانی (شارستانی و سەربازی و هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ) لە یەك بەڕێوەبەرایەتی گشتی خانەشینی سەر بە (وەزارەتی دارایی و ئابووری) حکومەتی هەرێمی کوردستان - عێراق.

**سێیەم:** کاراکردن و پشتیوانی کردنی دارایی سندوقی خانەنشینی، و ڕێگرتن لە هەر خەرجییەك لەسەر سندوقەکە جگە لەو مەبەستانەی لە یاسای خانەنشینی کارپێکراو ژمارە (٢٧)ی ساڵی ٢٠٠٦ لە هەرێمدا، ئاماژەیان پێکراوە.

**چوارەم:** ڕێکخستنەوەی خانەنشینی خاوەن وەزیفە باڵاکان و پلە تایبەتەکان لەسەر بنەمای تەمەن و ساڵانی خزمەت و بڕوانامە.

**بەشی دووەم**
**ڕێکخستنەوەی ماف و ئیمتیازاتەکانی میراتگرانی کەسوکاری شەهیدان و**
**ئەنفالکراوان و زیندانیکراو و گیراوانی سیاسی**

**ماددەی (٢):**

**یەکەم:** یەکخستنی ماف و ئیمتیازاتی کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوان و زیندانی و گیراوی سیاسی لە هەرێمی کوردستان لەبەر ڕۆشنایی یاسا بەرکارەکان.

**دووەم:** پاککردنەوە و هەڵوەشاندنەوەی ماف و ئیمتیازاتی میراتگری ئەو کەسانەی کە بەدەر لە حوکمەکانی یاسای ژمارە (٩)ی ساڵی ٢٠٠٧ی هەموارکراو (یاسای ماف و ئیمتیازاتی کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوان) سوودمەند بوون.

**سێیەم:** پاککردنەوە و هەڵوەشاندنەوەی ئیمتیازاتی زیندانی و گیراوی سیاسی کە بە ناوی زیندانی و گیراوی سیاسی، بە پێچەوانەی حوکمەکانی یاسای ژمارە (١١)ی ساڵی ٢٠١١ (یاسای ئیمتیازاتی زیندانی کراو و گیراوی سیاسی کوردستانی) هەموارکراو سوودمەند بوون.

**چوارەم:** لە کاتی مردنی زیندانیکراو و گیراوی سیاسی، بە یاسای خانەنشینی بەرکار لە هەرێمی کوردستان مامەڵە لەگەڵ میراتگرانیان دەکرێت.

**پێنجەم:** پێویستە لەسەر وەزارەتەکانی (دارایی و ئابووری) و (خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی) و (پەروەردە) و (تەندروستی) بە هەماهەنگی وەزارەتی (کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان) ڕێنمایی دەربکەن بە مەبەستی ڕێکخستنەوەی لەئەستۆگرتنی حکومەت بۆ خەرجیی چارەسەری تەندروستی و خوێندنی (کوڕ و کچ و هاوسەری شەهید کە هاوسەرگیریی نەکردۆتەوە) لە قوتابخانە و پەیمانگا و زانکۆ حکومی و ئەهلییەکان لە ناو هەرێمدا، و دەستنیشانکردنی مەرجەکانی شایستەبوون لەبەر ڕۆشنایی بڕگەی (دووەم) لە ماددەی (٧) لە یاسای ژمارە (٩)ی ساڵی ٢٠٠٧ (یاسای ماف و ئیمتیازاتی کەسوکاری شەهید و ئەنفالکراوەکان لە هەرێمی کوردستان).

## بەشی سێیەم
## نەهێشتنی سوودمەندبوون لە جارێك زیاتر لە بودجەی گشتی

### ماددەی (٣):

**یەکەم:**

١. هەڵوەشاندنەوەی سەرجەم ئەو بەخشین و ئیمتیازاتە داراییانەی کە خەرج دەکرێن بۆ ئەو کەسانەی کە بەناوی سوودمەندی تەرخانکراوەکانی چاودێری کۆمەڵایەتی و خاوەن پێداویستی تایبەت و کەمئەندامان، بەدەر لە یاسا و ڕێنماییە کارپێکراوەکان خۆیان تۆمار کردووە، وەراستکردنەوەی ئەو سوودمەندییە بەپێی پێوەرەکانی سوودوەرگرتن لەو بەخشین و ئیمتیازاتانە، و لەناویشیاندا ڕێژەی پەککەوتەیی بەپێی ڕاپۆرتی لیژنەی پزیشکی ڕاستێنراو.

٢. کەمئەندام و خاوەن پێداویستی تایبەت لە کەسانی فەرمانبەر، لەجیاتی ئەو بەخشینەی لە تەرخانکراوەکانی چاودێری کۆمەڵایەتی، دەرماڵەی (لەبری پەککەوتەیی)یان پێدەدرێت، بەڕێژەیەك لە مووچەی بنەڕەتییان، کە ئەو ڕێژەیە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە دەستنیشان دەکرێت بەرەچاوکردنی ڕێژەی پەککەوتن لەلایەن لێژنەیەکی پزیشکی پسپۆڕەوە.

**دووەم:** کار بە سەرجەم ئەو یاسا و بڕیار و پەیڕەو و ڕێنماییانە ناکرێت کە ڕێگە دەدەن بە سوودمەندبوون لە وەرگرتنی زیاتر لە یەك مووچە و بەخشین و هەر ئیمتیازێکی دارایی تر لە بودجەی گشتی لە ناو هەرێم و دەسەڵاتی فیدراڵی، بۆ سەرجەم سوودمەندان لە بوارەکانی شارستانی، سەربازی، هێزەکانی ئاسایشی-ناوخۆ، سوودمەندانی تەرخانکراوەکانی چاودێری کۆمەڵایەتی و خانەنشینی بە هەموو جۆرەکانی جگە لە ئیمتیازاتە داراییەکانی میراتگرانی کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوان و زیندانی و گیراوی سیاسی و سوودمەندان بەپێی یاسای ژمارە (٩)ی ساڵی ٢٠١٥ (یاسای ماف و ئیمتیازاتی تاقانەکانی جینۆساید لە هەرێمی کوردستان - عێراق).

**سێیەم:** سەرپشککردنی ئەو کەسانەی کە بڕگەی (دووەم)ی ئەم ماددەیە دەیانگرێتەوە، کە بەپێی یاسا و ڕێنماییەکان سەرەڕای مووچە سوودمەندن لە وەرگرتنی مینحە و ئیمتیازاتی دارایی تر لە بودجەی گشتی لەناو هەرێم و دەسەڵاتی ئیتیحادی، کەدەبێت تەنها لە یەکێك لەو مووچە و مینحە و ئیمتیازاتانە سوودمەندبن.

**چوارەم:** لەکاتی گەڕانەوەی فەرمانبەری خانەنشینکراو بۆ وەزیفەی گشتی بە هەمیشەیی یان بە گرێبەست، سەرپشك دەکرێت لە وەرگرتنی مووچەی خانەنشینییەکەی یان مووچەی ئەو وەزیفەیەی کە پێی دامەزراوەتەوە، و لە هیچ حاڵەتێکدا نابێت سوودمەند بێت لە دوو مووچە.

## بەشی چوارەم
## بواری پێشمەرگە و هێزەکانی ئاسایش و پۆلیسی ناوخۆ

### ماددەی (٤):

**یەکەم:** یەکخستن و ڕێکخستنی یەکەکانی ژمێریاری لە گشت یەکەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، ڕێکخراو و ڕێکنەخراو لە چوارچێوەی هەیکەلیەتی وەزارەتی (کاروباری پێشمەرگە) لە یەك یەکەی ژمێریاری کە بەڕێوەبەرایەتی گشتی بودجە و بەرنامەکان (ژمێریاری سەربازی) سەر بە وەزارەتی (کاروباری پێشمەرگە)ی هەرێمی کوردستانە.

**دووەم**: یەکەکانی ژمێریاری پێویستە لە ژێر وردبینی دیوانی چاودێری دارایی هەرێمی کوردستان، و (فەرمانگەی چاودێری دارایی) هاتوو لە ماددەی (٣) لە یاسای ژمارە (١٩)ی ساڵی ٢٠٠٧ یاسای (وەزارەتی کاروباری پێشمەرگە لە هەرێمی کوردستان) هاوشێوەی هێزە رێکخراوەکانی سەر بە وەزارەتی ناوبراو بێت.
**سێیەم**: پێویستە وەزیری کاروباری پێشمەرگە دەسەڵاتی تەواو بە پێی یاسا بەرکارەکان بدات بە فەرمانگەی (چاودێری دارایی) سەر بە وەزارەتی (کاروباری پێشمەرگە) بۆ ووردبینیکردنی لیستی پێشمەرگە و دروستکردنی دۆسیەی کەسی بە پێداویستییە یاساییەکانەوە، و پێداچوونەوە بە خزمەتی پێشمەرگایەتی لە گشت یەکەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، رێکخراو و رێکنەخراو لە چوارچێوەی هەیکەلیەتی وەزارەتی (کاروباری پێشمەرگە) بە هەماهەنگی لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی میلاکی سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی بودجە لە وەزارەتی (دارایی و ئابووری).
**چوارەم**: پێویستە دەستنیشانکردنی ژمارەی پاسەوانان بۆ بارەگا و دامەزراوە حزبییەکان و هەروەها پاسەوانی پارێزگاری لە خاوەن وەزیفە باڵاکان و بەرپرسانی سەربازی و ئاسایشی- ناوخۆ، بە هەماهەنگی و بەپێی پەیرەوێك رێکبخرێت کە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە دەردەچێت، و ئەوانەی زیاد دەبن لە ژمارەی دیاریکراو لەو پەیڕەوە لە چوارچێوەی میلاکی سەربازی و هێزەکانی ئاسایشی. ناوخۆ بەپێی شایستەبوونی خۆیان ڕاژەیان رێکدەخرێتەوە.
**پێنجەم**: گواستنەوەی گشت پاسەوانەکان بۆ سەر میلاکی هێزەکانی یەکەی پاسەوانی لە وەزارەتی (ناوخۆ) و بە هیچ جۆرێك نابێت پاسەوان لەسەر میلاکی هیچ یەکەیەکی تری سەربازی یان هێزەکانی ئاسایشی. ناوخۆ بێت جگە لە یەکەی پاسەوانی سەر بە وەزارەتی ناوخۆ، و خەرجکردنی مووچەی پاسەوانی تەنها لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی ژمێریاری وەزارەتی ناوخۆ دەبێت دوای هاوتاکردن و یەکخستنیان.
**شەشەم**: پێداچوونەوە و رێکخستنەوەی لیستی سوودمەندانی خانەنشینی کەمئەندامانی پێشمەرگە لەبەر رۆشنایی یاسای ژمارە (٣٤)ی ساڵی ٢٠٠٧ یاسای خانەنشینی کەمئەندامانی پێشمەرگە(زێرەڤانی) هەرێمی کوردستان - عێراق ، و هەڵوەشاندنەوەی خانەنشینی ئەو کەسانەی کە بە پێچەوانەی یاسای ناوبراو خانەنشین کراون.

## بەشی پێنجەم
## دەرماڵەکان

**ماددەی (٥)**:
پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران گشت دەرماڵەکان لە بەر رۆشنایی یاسا بەرکارەکان، بە شێوەیەکی دادپەروەرانە رێك بخاتەوە.

## بەشی شەشەم
## رێکخستنەوەی هەژمارکردنی خزمەت

**ماددەی (٦)**:
**یەکەم**: پێداچوونەوە و رێکخستنەوەی پلە و ناونیشان و مووچەی وەزیفی سەرجەم مووچەخۆرانی هەرێم لە بوارەکانی خزمەتی (شارستانی، پێشمەرگایەتی، هێزەکانی ئاسایشی. ناوخۆ) بەپێی یاسا و پەیرەو و رێنمایە کارپێکراوەکان، و رێکخستنەویان لە چوارچێوەی وەزیفەی گشتییدا لەسەر بنەمای بروانامە و ساڵانی خزمەتی فیعلی و خزمەتی هەژمارکراوی یاسایی، بەبێ ئەژمارکردنی ئەو خزمەتەی کە بەشێوەیەکی نایاسایی بۆ مووچەخۆر ئەژمارکراون.
**دووەم**: یەکخستنی ناونیشان و پلەی وەزیفی لەگەڵ مووچەی وەزیفی بەپێی حوکمەکانی یاسای میلاکی ژمارە (٢٥)ی ساڵی ١٩٦٠ی هەموارکراوی کارپێکراو لە هەرێمدا یان هەر یاسایەکی تر کە جێگەی ئەم یاسایە دەگرێتەوە، و هەڵوەشاندنەوەی ئەو ناونیشان و پلە وەزیفییانەی کە هاودژن لەگەڵ یاسای ناوبراو.
**سێیەم**: هەڵوەشاندنەوەی گشت پلە و مەرتەبەی زێدەکی کە بەدەر لە یاسا کارپێکراوەکان دراوە بە مووچەخۆران، چ لە رۆژی یەکەم دامەزراندنیان یان لە دوای دامەزراندنیان.

**چوارەم:** هەڵوەشاندنەوەی ساڵانی خزمەتی ئەژمارکراو بۆ خزمەتی وەزیفی (شارستانی **یان** پێشمەرگایەتی یان هێزەکانی ئاسایشی. ناوخۆ) بۆ ئەو ماوانەی کە لەگەڵ ماوەی خوێندنی مووچەخۆر یەکدەگرێتەوە، جگە لە حاڵەتەکانی مۆڵەتی خوێندن، یان خوێندنی ئێواران، یان تەمەنی لەوکاتەدا لە خوار (١٦) شازدە ساڵی بێت، جگە لە زیندانی و ڕاگیراوانی سیاسی.

**پێنجەم:**
١. هەر پێگەیەکی یاسایی بواری ڕاژەی گشتی پشتبەست بە بڕیاری کارگێڕی هاتوونەتەدی و لەسەر بودجەی گشتی مووچەیان وەرگرتووە، ئەوا ئەو پێگانە پارێزراو دەبن بە مەرجێك لێبڕینی خانەنشینییان بدەن پشت بەست بە بڕیاری کارگێڕی دامەزراندنیان، و پێویستە پلە و ناونیشانی وەزیفی و مووچە و شایستەی داراییان لە چوارچێوەی یاسا و پەیڕەو و ڕێنماییە بەرکارەکان ڕێکبخرێتەوە و خۆیان بگونجێنن لەگەڵ ئەحکامەکانی ئەم یاسایە.
٢. حوکمی خاڵی (١)ی بڕگەی (پێنجەم)ی ئەم ماددەیە، تەنیا ئەوکەسانە دەگرێتەوە کە تا پەسەندکردنی ئەم یاسایە مووچەیان وەرگرتووە.

## بەشی حەوتەم
## بواری خانەشینی

**ماددەی (٧):**
**یەکەم:** یەکخستنی خانەنشینی ئەوانەی لە خوارەوە ئاماژەیان پێدراوە لە ڕووی مەرج و پێداویستییەکانی خانەنشینبوون بەهەمان مەرج و پێوەرەکانی خانەنشینی فەرمانبەران لە پلە گشتییەکانی وەزیفە لەسەر میلاکی شارستانی و سەربازی و هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ:
(سەرۆکی هەرێم و سەرۆکی پەرلەمان و سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و جێگرەکانیان و ئەندامانی پەرلەمان و وەزیرەکان و ئەوانەی بە پلەی ئەوانن و بریکارەکانی وەزارەت و ئەوانەی بە پلەی ئەوانن و ئەوانەی مووچەی بریکاری وەزارەت وەردەگرن و خاوەن پلە تایبەتەکان و بەڕێوەبەرە گشتییەکان و ئەوانەی بە پلەی بەڕێوەبەری گشتی و ئەوانەی مووچەی بەڕێوەبەری گشتی وەردەگرن و سەرۆك و ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێم و گشت ئەوکەسانەی کە بەپێی خشتەی کارپێکراوی مووچە لە هەرێمی کوردستان مووچە و دەرماڵەی هەردوو پلە باڵای (أ) و (ب) وەردەگرن لەسەر میلاکی شارستانی و سەربازی و هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ).
**دووەم:** مووچەی خانەنشینی هەژمار دەکرێت بۆ ئاماژەپێدراوان لە بڕگەی (یەکەم)ی ئەم ماددەیە بەم شێوەیەی خوارەوە:
١. ڕێژەی (١٥%) پانزدە لە سەدا لە کۆی گشتی دوا مووچە و دەرماڵە، ئەوەی لەکاتی خزمەتدا وەریدەگرێت.
٢. ڕێژەی (١.٥%) یەك و نیو لە سەدا لە کۆی گشتی دوا مووچە و دەرماڵە، ئەوەی لەکاتی خزمەتدا وەریدەگرێت، دەخرێتە سەر مووچەی خانەنشینی بۆ هەر ساڵێکی خزمەت.
٣. دەرماڵەی ئەم بڕوانامانەی خوارەوە یان هاوشێوەیان بەم ڕێژەیە دەبێت:
أ. دەرماڵەی بڕوانامەی ئامادەیی بەڕێژەی (١%)یەك لەسەدا لە کۆی گشتی دوا مووچە و دەرماڵە، ئەوەی لەکاتی خزمەتدا وەریدەگرێت، دەخرێتە سەر مووچەی خانەنشینی.
ب. دەرماڵەی بڕوانامەی دبلۆم بەڕێژەی (٢%) دوو لەسەدا لە کۆی گشتی دوا مووچە و دەرماڵە، ئەوەی لەکاتی خزمەتدا وەریدەگرێت، دەخرێتە سەر مووچەی خانەنشینی.
ج. دەرماڵەی بڕوانامەی بەکالۆریۆس بەڕێژەی (٤%) چوار لە سەدا لە کۆی گشتی دوا مووچە و دەرماڵە، ئەوەی لەکاتی خزمەتدا وەریدەگرێت، دەخرێتە سەر مووچەی خانەنشینی.
د. دەرماڵەی بڕوانامەی دبلۆمی باڵا و ماستەر بەڕێژەی (٦%) شەش لەسەدا لە کۆی گشتی دوا مووچە و دەرماڵە، ئەوەی لەکاتی خزمەتدا وەریدەگرێت، دەخرێتە سەر مووچەی خانەنشینی.
هـ. دەرماڵەی بڕوانامەی دکتۆرا بەڕێژەی (٨%) هەشت لەسەدا لە کۆی گشتی دوا مووچە و دەرماڵە، ئەوەی لەکاتی خزمەتدا وەریدەگرێت، دەخرێتە سەر مووچەی خانەنشینی.
٤. شایستەی مووچەی خانەنشین نابێت لە ڕێژەی (٥٠%) پەنجا لەسەدا تێپەڕێت لە کۆی گشتی دوا مووچە و دەرماڵە، ئەوەی لەکاتی خزمەت وەریدەگرێت.

**سێیەم:**

١. فەرمانبەر بەو پێناسەیەی لە یاسای خانەنشینی یەکگرتووی بەرکار لە هەرێمدا هاتووە (بەوانەشەوە کە لە برگەی (یەکەم)ی ئەم ماددەیە ئاماژەیان پێدراوە) شایستەی مووچەیەکی خانەنشینی دەبن ئەگەر خزمەتی خانەنشینیان لە (١٥) پازدە ساڵ کەمتر نەبێت، و (٤٥) چل و پێنج ساڵ لە تەمەنیان تەواو کردبێت، جگە لە حاڵەتەکانی مردن یان شەهیدبوون یان خانەنشینبوون بە هۆکاری تەندروستی، و ئەو حاڵەتانەی دیکەی بەدەرکردن کە لە یاسای خانەنشینی بەرکاردا هاتووە.

٢. ئەوانەی ڕاسپێردراون بە خزمەتی گشتی، کە لە برگەی (یەکەم)ی ئەم ماددەیەی ئاماژەیان پێدراوە، و مەرجەکانی هاتوو لە برگەی (سێیەم / ١)ی ئەم ماددەیە نایانگرێتەوە، ئەوا شایستەی مووچەیەکی خانەنشینی دەبن بەرەچاوکردنی هەمان پێوەرەکانی هاتوو لە برگەی (دووەم)ی ئەم ماددەیە، بەمەرجێك نابێت لە ڕێژەی (٢٥%) بیست و پێنج لەسەدا تێپەڕێت لە کۆی گشتی دوا مووچە و دەرماڵە، ئەوەی لەکاتی خزمەتدا وەریدەگرێت، دەخرێتە سەر مووچەی خانەنشینی، تاوەکو حاڵەتەکانیان دەگونجێندرێن لەگەڵ مەرجەکانی هاتوو لە خاڵی (١)ی ئەم برگەیە.

٣.حوکمەکانی خاڵی (٢)ی ئەم برگەیە، ئەوکەسانە ناگرێتەوە کە دوای بەرکاربوونی ئەم یاسایە وەك ڕاسپێردراو بە خزمەتی گشتی ڕادەسپێردرێن.

**چوارەم:** ئەندام پەرلەمان بە ئارەزوومەندانە مافی دەستبەرداربوونی لە ماف و شایستە خانەنشینییەکانی وەك ڕاسپێردراو هەیە، بە مەرجێك لە ماوەیەك کە لە (٣٠) سی ڕۆژ تێپەڕنەکات لە ڕێکەوتی بەرکاربوونی ئەم یاسایە، داواکاری پێشکەش بە دیوانی پەرلەمانی کوردستان - عێراق بکات بە مەبەستی وەرگرتنی ڕێکاری یاسایی پێویست.

**پێنجەم:** هەژمارکردنی ماوەی خزمەتی خولی پەرلەمانی، بۆ هەموو مەبەستەکانی سەرمووچە و بەرزکردنەوەی پلە و خانەنشینی بۆ ئەو پەرلەمانتارانەی بە ئارەزوومەندانە دەگەڕێنەوە بۆ سەر وەزیفەکانیان.

**شەشەم:** حوکمەکانی ئەم ماددەیە هەموو ئەوکەسانەش دەگرێتەوە کە لە برگەی (یەکەم)ی ئەم ماددەیە ئاماژەیان پێدراوە، و لە پێش بەرکاربوونی ئەم یاسایە خانەنشین بوون، و پێویستە خۆیان بگونجێنن لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە، بۆ ئەوانەش کە خزمەتی خانەنشینییان نەگەیشتۆتە (١٥) پانزە ساڵ، ئەوا تاوەکو (٣) سێ ساڵ دەخرێتە سەر خزمەتەکەیان هاوشێوەی پلە وەزیفە گشتییەکان، بۆ ئەوەی بگەنە تەمەنی خانەنشینی ئیجباری بەمەرجێك بڕی خانەنشینی ئەو ماوەیە بدات.

**حەوتەم:** ئەوانەی لە برگەی (یەکەم)ی ئەم ماددەیە ئاماژەیان پێدراوە و پێشتر فەرمانبەری حکومەت بوون، کە بە ئارەزوومەندانە بۆ سەر وەزیفەکانیان دەگەڕێنەوە، دەست لەکارکێشانەوەیان هەڵدەوەشێتەوە و ڕاژەکەیان بۆ هەژمار دەکرێت، بۆ مەبەستی سەرمووچە و پلە بەرزکردنەوە و خانەنشینی، و لایەنی پەیوەندیدار پابەند دەبێت بە دابینکردنی پلەی وەزیفی پێویست و تەرخانکراوی دارایی پێویست بۆیان، و سەرپشك دەبن لە وەرگرتنی مووچەی خانەنشینی یان مووچەی ئەو وەزیفەیەی کە بۆی دەگەڕێتەوە.

**هەشتەم:** جگە لە ڕاسپێردراوان بە خزمەتی گشتی هەموو ئەوانەی لە برگەی (یەکەم)ی ئەم ماددەیە ناویان هاتووە شایستەی مووچەی خانەنشینی دەبن، بەهەمان پێوەر و مەرجەکانی هاتوو لە برگەکانی (دووەم و سێیەم)ی هاتوو لەم ماددەیە، بەڕێژەیەك نابێت لە (٦٠%) شەست لەسەدا تێپەڕبکات لە کۆی گشتی دوا مووچە و دەرماڵە کە لەکاتی خزمەتدا وەریدەگرێت.

**نۆیەم:** مووچەی خانەنشینی سەرجەم دادوەر و داواکاری گشتی، نابێت لە ڕێژەی (٧٠%) حەفتا لەسەدا تێپەڕبکات لەکۆی گشتی دوا مووچە و دەرماڵە، کە لەکاتی خزمەتدا بەپێی یاسا بەرکارەکان وەریدەگرێت.

**ماددەی (٨):**

گواستنەوەی گشت ئەو بەڕێوەبەرایەتی گشتی و ئەو بەڕێوەبەرایەتی و فەرمانگە و هەر یەکەیەکی دیکەی کارگێڕی و دارایی کە مووچەی خانەنشینییان لێ خەرج دەکرێت (شارستانی، سەربازی، هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ، یەکە ڕێکنەخراوەکانی هێزەکانی پێشمەرگە)، وە گواستنەوەی گشت میلاك و موڵك و ماڵی گواستراوەی ئەو بەڕێوەبەرایەتی و یەکە کارگێڕییانە و دۆسییە و بەراییەکانی ئەوکەسانەی ئاماژەیان پێکراوە بۆسەر بەڕێوەبەرایەتی گشتی خانەنشینی (وەزارەتی دارایی و ئابووری) حکومەتی هەرێمی کوردستان - عێراق، هەیکەلبەندییەکی تازە بۆ ئەو بەڕێوەبەرایەتییە گشتییە ئامادە دەکرێ و لەلایەن ئەنجوومەنی وەزیرانەوە پەسەند دەکرێت.

**ماددەی (٩):**

هەڵوەشاندنەوەی خانەنشینی بە پلەی (وەزیر و بریکاری وەزارەت و ڕاوێژکار و بەڕێوەبەری گشتی) و هەر پلەیەکی تری تایبەت بۆ ئەو پێشمەرگانەی کە لە ڕیزی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان بوون پێش ڕێکەوتی

١٩٩١/٣/٥، وەك رێزلێنانێك مووچەی خانەنشینییان بەو پلانە پێدراوە، لەبری ئەوە پێویستە لەدوای دڵنیابوون لە هەبوونی مەرج و پێداویستییەكان و وردبینیكردن و پاككردنەوەی لیستی ناوی ئەو پێشمەرگانە لەناو كەسانی ناشایستە، ئیمتیازێكی دارایی شایستەیان بۆ دابین بكرێت لەبەر رۆشنایی یاسای ژمارە (٣٣)ی ساڵی ٢٠٠٧ یاسای (رێزلێنانی پێشمەرگە (زێرەڤانی) هەرێمی كوردستان - عێراق)، یان یاسای ژمارە (٣٤) ساڵی ٢٠٠٧ یاسای (خانەنشینی كەمئەندامانی پێشمەرگە (زێرەڤانی) هەرێمی كوردستان - عێراق)، یان یاسای ژمارە (٣٦) ساڵی ٢٠٠٧ یاسای (راژە و خانەنشینی پێشمەرگە (زێرەڤانی) هەرێمی كوردستان - عێراق)، بەپێی تایبەتمەندی.

**ماددەی (١٠):**
هەڵوەشاندنەوەی مووچەی خانەنشینی سەرجەم ئەو كەسانەی كە بەشێوەیەكی نایاسایی خانەنشینكراون و راستكردنەوەی مووچەی خانەنشینی سەرجەم ئەو كەسانەی كە بە پلەی بەرزتر لە پلەی شایستەی خۆیان خانەنشین كراون، یان لەسەر بنەمای ئەژماركردنی نایاسایی ساڵانی خزمەتی وەزیفی خانەنشین كراون، و راستكردنەوەی مووچەی خانەنشینییان بۆ ئەو مووچەیەی بەپێی یاسا كارپێكراوەكان شایستەی دەبن وەك لەم یاسایەدا ئاماژەی پێكراوە.

## بەشی هەشتەم
## حوكمەكانی كۆتایی

**ماددەی (١١):**
**یەكەم:** دەبێت دەسەڵاتی جێبەجێكردن و لایەنە پەیوەندیدارەكان، حوكمەكانی ئەم یاسایە جێبەجێ بكەن.
**دووەم:** دیوانی چاودێری دارایی هەرێمی كوردستان پابەندە بە پشكنین و وردبینیكردن و بەدواداچوونی جێبەجێكردنی ئەحكامەكانی ئەم یاسایە و یاسا پەیوەندیدارەكانی تر و ئامادەكردنی راپۆرت لەبەر رۆشنایی یاسای دیوانی چاودێری دارایی هەرێمی كوردستان - عێراق ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٠٨.
**سێیەم:** دەستەی دەسپاكی و داواكاری گشتی لە هەرێمی كوردستان - عێراق بەپێی تایبەتمەندی پابەندن بە وەرگرتنی رێكاری یاسایی پێویست بەرامبەر هەر كارمەند و بەرپرسێك كە بەربەست و ئاستەنگ بۆ جێبەجێكردنی حوكمەكانی ئەم یاسایە دروست دەكەن.

**ماددەی (١٢):**
**یەكەم:** دامەزراندن لە وەزیفەكانی (بەڕێوەبەری گشتی و راوێژكار و سەرووتر)، لە دامەزراوە دەستوورییەكانی هەرێمی كوردستان - عێراق رادەگیرێت، مەگەر تەنها لەو كاتەی پلەی چۆڵ هەبێت.
**دووەم:** خانەنشینكردنی فەرمانبەر بە پلەی (بەڕێوەبەری گشتی و سەرووتر)، كە پێكهاتەی ئیداری لە ئاستی (بەڕێوەبەرایەتی گشتی و سەرووتر) بەڕێوە نابات بەپێی حوكمەكانی برگەی (هەشتەم) لە ماددەی (٧)ی ئەم یاسایە دەبێت، یان دەگوازرێتەوە بۆ شوێنێكی تر لە كاتی هەبوونی شوێنی وەزیفی بەتاڵ، كە لەگەڵ ناونیشانی وەزیفی شایستەی خۆی دەگونجێت.
**سێیەم:** حوكمەكانی برگەی (دووەم)ی ئەم ماددەیە سەرۆكی یەكە ئیدارەكانیش (پارێزگار، قایمقام، بەڕێوەبەری ناحییە) دەگرێتەوە، كە هیچ یەكەیەكی ئیداری بەڕێوە نابەن.
**چوارەم:** مەرجەكانی دامەزراندن بە پلەی (بەڕێوەبەری گشتی و بەرەوژوور) جگە لە مەرجەكانی فەرمانبەرایەتی وەزیفەی گشتی بە پەیرەوێك دەستنیشان دەكرێت كە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە دەردەچێت، كە تیایدا رەچاوی بڕوانامە و پسپۆڕی و ساڵانی خزمەت و شارەزایی و لێهاتوویی بكرێت.

**ماددەی (١٣):**
**یەكەم:**
١- وەزارەتی دارایی و ئابووری لە چوارچێوەی رێكخستنەوەی بواری بانكی لە هەرێم و بە ئەلیكترۆنكردنی خزمەتگوزارییە بانكییەكان، ئەژمێرێكی تایبەت دەكاتەوە بۆ هەر مووچەخۆر و سوودمەندێك لە بودجەی گشتی لەپێناو زامنكردن (پاراستن)ی گشت شایستە داراییەكانیان بە شایستە دارایییە خەرجنەكراوەكانیشەوە.

٢- چۆنیەتی کردنەوەی ئەو ئەژمێرە و سوودوەرگرتنی مووچەخۆر و سوومەند لە ئەژمێرەکە بە ڕێنماییەکی دارایی ڕێکدەخرێت کە لەلایەن وەزارەتی (دارایی و ئابووری)یەوە دەردەچێت لەبەر ڕۆشنای بڕگەی (یەکەم/١)ی ئەم ماددەیە.

**دووەم:** لەبەر ڕۆشنایی ئەو بڕە پارەیەی کە بە فیعلی لە خەرجییەکان دەگەڕێتەوە لە دەرئەنجامی جێبەجێکردنی ئەم یاسایە، دەبێت ئەنجومەنی وەزیران ئەولەویەت بدات بە پێداچوونەوە بەکەمترین مووچەی خانەنشینی لە هەرێم بە ئاراستەی زیادکردن و بەڕەچاوکردنی بژێوی و گوزەرانی ئەو کەسانەی کە کەمترین مووچەی خانەنشینی وەردەگرن.

**سێیەم:** پێویستە لەسەر وەزارەتی (دارایی و ئابووری) حکومەتی هەرێمی کوردستان - عێراق، ڕێکاری یاسایی پێویست بۆ وەرگرتنەوەی قەرزە بازرگانییەکان بگرێتەبەر، و پێداچوونەوە بەو موڵك و ماڵانە بکرێ وەك گەرەنتی (زامنکردن) بۆ دانەوەی ئەم قەرزانە دانراوە.

**ماددەی (١٤):**

**یەکەم:** جێبەجێکردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە ئاسەواری دارایی و دادوەری لێناکەوێتەوە بۆ حاڵەتەکانی پێش کەوتنەبواری جێبەجێکردنی یاساکە لەسەر ئەو کەسانەی کە دەیانگرێتەوە.

**دووەم:** ئەوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەیانگرێتەوە مافی ئەوەیان هەیە بەپێی حوکمەکانی یاسای بەرکار تانەی یاسایی بدەن.

**ماددەی (١٥):**

نابێت هیچ کەسێك خانەنشین بکرێت یان هەر ئیمتیازاتێکی دیکەی دارایی لەژێر هیچ پاساو و ناونیشانێکدا پێ بدرێت ئەگەر پێشتر بەشایستەبوونی یاسایی لە تۆمارەکانی داتابەیسی. سیستەمی بایۆمەتری پەیڕەوکراو لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان تۆمار نەکرابێت و بەرایی نەبێت، و مووچەی خانەنشینی بۆ میراتگری یاسایی (المستحق) خەرج ناکرێت تاوەکو تۆمار نەکرێت لە داتابەیسی سیستەمی بایۆمەتری.

**ماددەی (١٦):**

**یەکەم:** حوکمەکانی ئەم یاسایە هەموو حاڵەتەکانی پێش بەرکاربوونی ئەم یاسایەش دەگرێتەوە و پێویستە خۆیان بگونجێنن لەگەڵ ئەم یاسایە.

**دووەم:** کار بە هیچ دەقێکی یاسایی یان بڕیارێکی ناکۆك لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا ناکرێت.

**سێیەم:** یاسای خانەنشینی خاوەن وەزیفە باڵاکانی هەرێمی کوردستان - عێراق ژمارە (٣٦)ی ساڵی ٢٠٠٤ هەڵدەوەشێتەوە.

**ماددەی (١٧):**

پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران پەیڕەو دەربکات بۆ ئاسانکاری جێبەجێکردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە لە ماوەیەك کە لە (٦٠) شەست ڕۆژ تێپەڕ نەکات لە ڕۆژی دەرچواندنی ئەم یاسایە.

**ماددەی (١٨):**

پێویستە ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**ماددەی (١٩):**

ئەم یاسایە لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە، و لە دوای تێپەڕبوونی (٩٠) نەوەد ڕۆژ لە ڕێکەوتی دەرچوونی پەیڕەوی هاتوو لە ماددەی (١٧)ی ئەم یاسایە دەکەوێتە بواری جێبەجێکردنەوە.

**د. ڕێواز فایق حسێن**

**سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان- عێراق**

## هۆیەکانی دەرچواندن

لە پێناو ڕێکخستنەوەی بواری وەزیفەی گشتی و خانەنشینی لە سەرجەم بوارەکانی (شارستانی و پێشمەرگایەتی و هێزەکانی ئاسایشی- ناوخۆ)، و هەروەها تەرخانکراوەکانی چاودێری کۆمەڵایەتی، و بەرپاکردنی دادپەروەری و یەکسانی لەخەرجکردنی مووچە و دەرماڵە و بەخشین و ئیمتیازاتە دارایيە گشتییەکان، و ڕێگرتن لە سوود وەرگرتنی ناڕەوا و ناياسايی لە تەرخانکراوەکانی بودجەی گشتی، ئەم یاسایە دەرچوێندرا.

# له بڵاوكراوەكانی ئینیستیتیوتی پەی بۆ پەروەردە و گەشە پێدان

## یەكەم: بە زمانی كوردی:

١- خستنەڕووی ١٠١ گیروگرفتی پەروەردەیی لەپێناو چارەسەركردنیان، نامەیەكی كراوە بۆ بەڕێز وەزیری پەروەردە، هەولێر، ٢٠١٤.

٢- گرفتەكانی خوێندنی باڵا و گەڕان بەدوای چارەسەردا، خستنە رووی (١٤٠) گرفت، لە نامەیەكی كراوەدا بۆ وەزیری خوێندنی باڵا، هەولێر، ٢٠١٤.

٣- دیاردەی وازهێنان لە خوێندن لە هەرێمی كوردستاندا، گرفت و چارەسەر، هەولێر، ٢٠١٤.

٤- چاودێریی و هەڵسەنگاندنی كارەكانی پەرلەمانی كوردستان، ڕاپۆرتی یەكەم، (٢٠١٣/١١/٦-٢٠١٤/١١/٦)، هەولێر، ٢٠١٤.

٥- كاری هاوبەشی نێوان ڕێكخراوەكانی كۆمەڵگەی مەدەنی و دامودەزگەكانی خوێندنی باڵا لە هەرێمی كوردستان، هەولێر، ٢٠١٥.

٦- چاودێریی و هەڵسەنگاندنی كارەكانی پەرلەمانی كوردستان، ڕاپۆرتی دووەم، (٢٠١٤/٩/١-٢٠١٥/٢/٢٨)، هەولێر، ٢٠١٥.

٧- چاودێریی و هەڵسەنگاندنی كارەكانی پەرلەمانی كوردستان، ڕاپۆرتی سێیەم، (٢٠١٥/٣/١- ٢٠١٥/٨/٣١)، هەولێر، ٢٠١٥.

٨- چاودێریی و هەڵسەنگاندنی كارەكانی پەرلەمانی كوردستان، ڕاپۆرتی چوارەم، (٢٠١٥/٩/١- ٢٠١٥/١١/١٢)، هەولێر، ٢٠١٥.

٩- چاودێریی و هەڵسەنگاندنی كارەكانی پەرلەمانی كوردستان، ڕاپۆرتی پێنجەم، (٢٠١٥/٩/١-٢٠١٦/٢/٢٩)، هەولێر، ٢٠١٦.

١٠-چاودێریی و هەڵسەنگاندنی كارەكانی پەرلەمانی كوردستان، ڕاپۆرتی شەشەم، (٢٠١٦/٣/١- ٢٠١٦/٨/٣١)، هەولێر، ٢٠١٦.

١١- چاودێریی و هەڵسەنگاندنی كارەكانی پەرلەمانی كوردستان، ڕاپۆرتی حەوتەم، (٢٠١٦/٩/١-٢٠١٧/٢/٢٨)، هەولێر، ٢٠١٧.

١٢- چاودێری كردنی پەرلەمان لە ڕوانگەی ئەندامانی پەرلەمانی كوردستانەوە، ڕاپۆرتی هەشتەم، هەولێر، ٢٠١٧.

١٣- تۆماری دەنگدەرانی هەرێمی كوردستان لەنێوان بێگەردی و ساختەكاریدا، ڕاپۆرتی نۆیەم، هەولێر، ٢٠١٧.

١٤- چاودێریی و هەڵسەنگاندنی كارەكانی پەرلەمانی كوردستان، ڕاپۆرتی دەیەم، (٢٠١٧/٣/١- ٢٠١٧/١١/١٥)، سلێمانی، ٢٠١٧.

١٥-ڕەوشی خوێندنی پیشەیی لە پارێزگاكانی سلێمانی و هەڵەبجە، سلێمانی، ٢٠١٧.

١٦- خوێندنی ناحكومی لەنێوان كوالیتی و بازرگانیدا، سلێمانی، ٢٠١٧.

١٧- چاودێریی و هەڵسەنگاندنی كارەكانی پەرلەمانی كوردستان، ڕاپۆرتی یانزەهەم، (٢٠١٧/١١/٦- ٢٠١٨/٣/٦)، هەولێر، ٢٠١٨.

١٨- چاودێریی و هەڵسەنگاندنی كارەكانی پەرلەمانی كوردستان، ڕاپۆرتی دوانزەهەم، (٢٠١٨/٣/٦- ٢٠١٨/١١/٦)، هەولێر، ٢٠١٨.

١٩- پەروەردە لەبەردەم ئالنگاری و گرفتی چارەنەكراودا، هەولێر، ٢٠١٩.

٢٠- خوێندنی باڵا لەبەردەم ئالنگاری و گرفتی چارەنەكراودا، هەولێر، ٢٠١٩.

٢١-ڕاپۆرتی چاودێری بۆ هەڵبژاردنی خولی پێنجەمی پەرلەمانی كوردستان، ڕاپۆرتی یەكەم، دەنگدانی تایبەت، سلێمانی، ٢٠١٨.

٢٢- ڕاپۆرتی چاودێری بۆ هەڵبژاردنی خولی پێنجەمی پەرلەمانی كوردستان، ڕاپۆرتی دووەم، دەنگدانی گشتی، سلێمانی، ٢٠١٨.

٢٣- هەڵسەنگاندنێك بۆ كارەكانی خولی چوارەمی پەرلەمانی كوردستان، ڕاپۆرتی سیانزەهەم، (٢٠١٣/١١/٦-٢٠١٨/١١/٦)، هەولێر، ٢٠١٩.

٢٤-ڕاپۆرتی پرۆژەی چاودێریی و هەڵسەنگاندنی كارەكانی پەرلەمانی كوردستان، ڕاپۆرتی یەكەم لە خولی پێنجەم، (٢٠١٨/١١/٦-٢٠١٩/٨/٣١)، هەولێر، ٢٠١٩.

٢٥- ڕاپۆرتی پرۆژەی چاودێریی و هەڵسەنگاندنی كارەكانی پەرلەمانی كوردستان، ڕاپۆرتی دووەم لە خولی پێنجەم، (٢٠١٩/٩/١-٢٠٢٠/٢/٢٩)، هەولێر، ٢٠٢٠.

٢٦- ڕاپۆرتی پرۆژەی چاودێریی و هەڵسەنگاندنی كارەكانی پەرلەمانی كوردستان، ڕاپۆرتی سێیەم لە خولی پێنجەم، (٢٠٢٠/٣/١-٢٠٢٠/٨/٣١)، هەولێر، ٢٠٢٠.

٢٧- ڕاپۆرتی پرۆژەی چاودێریی و هەڵسەنگاندنی كارەكانی پەرلەمانی كوردستان، ڕاپۆرتی چوارەم لە خولی پێنجەم، (٢٠٢٠/٩/١-٢٠٢٠/١٢/٣١)، هەولێر، ٢٠٢٠.

٢٨- ڕاپۆرتی چاودێریی دەستەسەربەخۆكانی هەرێمی كوردستان لەنێوان پەیوەستبوون بە یاساو پێشێلكاریدا، ڕاپۆرتی پێنجەم، هەولێر، ٢٠٢١.

٢٩- ڕاپۆرتی پرۆژەی چاودێریی و هەڵسەنگاندنی كارەكانی پەرلەمانی كوردستان، ڕاپۆرتی شەشەم لە خولی پێنجەم، (٢٠٢١/٣/١-٢٠٢١/٨/٣١)، سلێمانی، ٢٠٢٠.

٣٠-ڕاپۆرتی هەڵسەنگاندنی ئەدای ئەندامانی پەرلەمان، ڕاپۆرتی حەوتەم، خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی كوردستان، (١ی ئازار ٢٠٢٠ بۆ ٢٨ی شوباتی ٢٠٢١)، هەولێر، ٢٠٢١.

٣١- راپۆرتی پرۆژەی چاودێریی و هەڵسەنگاندنی کارەکانی پەرلەمانی کوردستان، راپۆرتی هەشتەم لە خولی پێنجەم، (٢٠٢١/٩/١-٢٠٢٢/٢/٢٨)، سلێمانی، ٢٠٢٠.

٣٢- راپۆرتی هەڵسەنگاندنی ئەدای ئەندامانی پەرلەمان، راپۆرتی نۆیەم، خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان، (١ی ئازار ٢٠٢١ بۆ ٢٨ی شوباتی ٢٠٢٢)، سلێمانی، ٢٠٢٢.

٣٣- راپۆرتی پرۆژەی چاودێریی و هەڵسەنگاندنی کارەکانی پەرلەمانی کوردستان، راپۆرتی دەیەم لە خولی پێنجەم، (٢٠٢٢/٣/١-٢٠٢٢/٨/٣١)، سلێمانی، ٢٠٢٢.

٣٤- چاودێریی جێبەجێکردنی سیاسەت و رێوشوێنەکانی باجی خانوبەرە لە هەرێمی کوردستان. هەولێر، ٢٠٢٣.

٣٥- راپۆرتی پرۆژەی چاودێریی و هەڵسەنگاندنی کارەکانی پەرلەمانی کوردستان، راپۆرتی یانزەهەم لە خولی پێنجەم، (٢٠٢٢/٩/١-٢٠٢٣/٢/٢٨)، سلێمانی، ٢٠٢٣.

٣٦- راپۆرتی هەڵسەنگاندنی ئەدای ئەندامانی پەرلەمان، راپۆرتی دوانزەهەم، خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان، (١ی ئازار ٢٠٢٢ بۆ ٢٨ی شوباتی ٢٠٢٣)، سلێمانی، ٢٠٢٣.

٣٧- پەرلەمانی کوردستان لە کوێوە بۆ کوێ؟ راپۆرتێکی بەراوردکارییە سەبارەت بە کاری پەرلەمانی لەنێوان هەر پێنج خولی پەرلەمانی کوردستاندا (١٩٩٢-٢٠٢٣)، راپۆرتی سیانزەهەم، سلێمانی، ٢٠٢٣.

٣٨- پەرلەمانی کوردستان لەدوای درێژکردنەوەی تەمەنی چی کردووە؟ راپۆرتی چواردەهەم، سلێمانی، ٢٠٢٣.

٣٩- دۆخی سەروەریی یاسا لە هەرێمی کوردستاندا، راپۆرتی پانزەهەم، سلێمانی، ٢٠٢٣.

٤٠- خانەنشینی نایاسایی، راپۆرتی شانزەهەم، سلێمانی، ٢٠٢٤.

**دووەم: بە زمانی عەرەبی:**

١- تقرير مراقبة وتقيم اعمال برلمان كوردستان، التقرير الاول، (٢٠١٣/١١/٦-٢٠١٤/١١/٦)، اربيل، ٢٠١٤.

٢- تقرير مراقبة وتقيم اعمال برلمان كوردستان، التقرير الثاني، (٢٠١٤/٩/١-٢٠١٥/٢/٢٨)، اربيل، ٢٠١٥.

٣- تقرير مراقبة وتقيم اعمال برلمان كوردستان، التقرير الثالث، (٢٠١٥/٣/١- ٢٠١٥/٨/٣١)، اربيل، ٢٠١٥.

٤- تقرير مراقبة وتقيم اعمال برلمان كوردستان، التقرير الرابع، (٢٠١٥/٩/١- ٢٠١٥/١١/١٢)، اربيل، ٢٠١٥.

٥- تقرير مراقبة وتقيم اعمال برلمان كوردستان، التقرير الخامس، (٢٠١٥/٩/١-٢٠١٦/٢/٢٩)، اربيل، ٢٠١٦.

٦- تقرير مراقبة وتقيم اعمال برلمان كوردستان، التقرير السادس، (٢٠١٦/٣/١- ٢٠١٦/٨/٣١)، اربيل، ٢٠١٦.

٧- تقرير مراقبة وتقيم اعمال برلمان كوردستان، التقرير السابع، (٢٠١٦/٩/١-٢٠١٧/٢/٢٨)، اربيل، ٢٠١٧.

٨- تقرير الرقابة علي البرلمان من وجه نظر نواب برلمان كوردستان، التقرير الثامن، اربيل، ٢٠١٧.

٩- سجل الناخبين في اقليم كوردستان بين النقاء والاحتيال، التقرير التاسع، اربيل، ٢٠١٧.

١٠-تقرير مراقبة وتقيم اعمال برلمان كوردستان، التقرير العاشر، (٢٠١٧/٣/١- ٢٠١٧/١١/١٥)، السليمانية، ٢٠١٧.

١١-تقرير مراقبة وتقيم اعمال برلمان كوردستان، التقرير الحادي عشر، (٢٠١٧/١١/٦- ٢٠١٨/٣/٦)، اربيل، ٢٠١٨.

١٢-تقرير مراقبة وتقيم اعمال برلمان كوردستان، التقرير الثاني عشر، (٢٠١٨/٣/٦- ٢٠١٨/١١/٦)، اربيل، ٢٠١٨.

١٣- تقيم اعمال الدورة الرابعة لبرلمان كوردستان، التقرير الثلاثة عشر، (٢٠١٣/١١/٦-٢٠١٨/١١/٦)، اربيل، ٢٠١٩.

١٤-تقرير الرقابة على انتخابات الدورة الخامسة لبرلمان كوردستان، التقرير الاول، التصويت الخاص، السليمانية، ٢٠١٨.

١٥-تقرير الرقابة على انتخابات الدورة الخامسة لبرلمان كوردستان، التقرير الثاني، التصويت العام، السليمانية، ٢٠١٨.

١٦- تقرير مراقبة وتقيم اعمال برلمان كوردستان، التقرير الاول للدورة الخامسة، (٢٠١٨/١١/٦-٢٠١٩/٨/٣١)، اربيل، ٢٠١٩.

١٧- تقرير مراقبة وتقيم اعمال برلمان كوردستان، التقرير الثاني للدورة الخامسة، (٢٠١٩/٠٩/١-٢٠٢٠/٠٢/٢٩)، اربيل، ٢٠٢٠.

١٨- تقرير مراقبة وتقيم اعمال برلمان كوردستان، التقرير الثالث للدورة الخامسة، (٢٠٢٠/٠٣/١-٢٠٢٠/٠٨/٣١)، اربيل، ٢٠٢٠.

١٩-تقرير مراقبة وتقيم اعمال برلمان كوردستان، التقرير الرابع للدورة الخامسة، (٢٠٢٠/٩/١-٢٠٢٠/١٢/٣١)، اربيل، ٢٠٢٠.

٢٠-تقرير مراقبة الهيئات المستقلة في اقليم كوردستان بين الالتزام بالقوانين والانتهاكات، التقرير الخامس، اربيل، ٢٠٢١.

٢١-تقرير مراقبة وتقيم اعمال برلمان كوردستان، التقرير السادس للدورة الخامسة، (٢٠٢١/٠٣/١-٢٠٢١/٠٨/٣١)، اربيل، ٢٠٢١.

٢٢- تقرير تقييم اداء اعضاء البرلمان، التقرير السابع، الدورة البرلمانية الخامسة (١ آذار ٢٠٢٠ لغاية ٢٨ شباط ٢٠٢١)، اربيل، ٢٠٢١.

٢٣- تقرير مراقبة وتقيم اعمال برلمان كوردستان، التقرير الثامن للدورة الخامسة، (٢٠٢١/٩/١-٢٠٢٢/٢/٢٨)، السليمانية، ٢٠٢٢.

٢٤-تقرير تقييم اداء اعضاء البرلمان، التقرير التاسع، الدورة البرلمانية الخامسة (١ آذار ٢٠٢١ لغاية ٢٨ شباط ٢٠٢٢)، السليمانية، ٢٠٢٢.

٢٥- تقرير مراقبة وتقيم اعمال برلمان كوردستان، التقرير العاشر للدورة الخامسة، (٢٠٢٢/٣/١-٢٠٢٢/٨/٣١)، السليمانية، ٢٠٢٢.

٢٦- مراقبة تنفيذ سياسات واجراءات ضريبة العقار في اقليم كوردستان، اربيل، ٢٠٢٣.

٢٧- تقرير مراقبة وتقيم اعمال برلمان كوردستان، التقرير الحادي عشر للدورة الخامسة، (٢٠٢٢/٩/١-٢٠٢٣/٢/٢٨)، السليمانية، ٢٠٢٣.

٢٨- تقرير تقييم اداء اعضاء البرلمان، الثاني عشر، الدورة البرلمانية الخامسة (١ آذار ٢٠٢٢ لغاية ٢٨ شباط ٢٠٢٣)، السليمانية، ٢٠٢٣.

٢٩- برلمان كوردستان من اين الى اين؟ تقرير مقارن حول النشاط البرلمانى خلال الدورات البرلمانية الخمسة (١٩٩٢-٢٠٢٣)، التقرير الثلاثة عشر، السليمانية، ٢٠٢٣.

٣٠- ما الذي قام به برلمان كوردستان بعد تمديد مدته القانونية؟ التقرير الرابعة عشر، السليمانية، ٢٠٢٣.

٣١- وضع سيادة القانون في إقليم كوردستان، التقرير الخامسة عشر، السليمانية، ٢٠٢٣.

٣٢- التقاعد الغير القانوني ، التقرير السادسة عشر، السليمانية، ٢٠٢٤.


## سێیەم: بە زمانی ئینگلیزی:


1- Monitoring and Evaluating, For the Kurdistan Parliaments Work, The first report,(6/11/2014-6/11/2014), Erbil, 2014.

2- Monitoring and Evaluating, For the Kurdistan Parliaments Work, Second report, (1/9/2014-28/2/2015), Erbil, 2015.

3- Monitoring and Evaluating, For the Kurdistan Parliaments Work, Third Report, (1/3/2015-31/8/2015), Erbil, 2015.

4- Monitoring and Evaluating, For the Kurdistan Parliaments Work, Fourth Report, (1/9/2015-12/11/2015), Erbil,2015.

5- Monitoring and Evaluating, For the Kurdistan Parliaments Work, Fifth report, (1/9/2015-29/2/2016), Erbil,2016.

6- Monitoring and Evaluating, For the Kurdistan Parliaments Work, Sixth Report, (1/3/2016-31/8/2016), Erbil,2016.

7- Monitoring and Evaluating, For the Kurdistan Parliaments Work, Seventh Report, (1/9/2016-28/2/2017), Erbil,2017.

8- Monitoring parliament by members in kurdistan Parliament, Eighth report, Erbil,2017.

9- Voters Registration Records between Transparency and Fraud, , Ninth Report, Erbil,2017.

10- Monitoring parliament by members in kurdistan Parliament, Tenth report, (1/3/2017-15/11/2017), Sulaymaniyah,2017.

11- Monitoring and Evaluating, For the Kurdistan Parliaments Work, Eleventh report, (6/11/2017-6/3/2018), Erbil,2018.

12- Monitoring and Evaluating, For the Kurdistan Parliaments Work, Twelfth report, (6/3/2018-6/11/2018), Erbil,2018.

13- Monitoring Report on The Fifth Session of the Parliament of Kurdistan, , first report, Sulaymaniyah,2018.

14- Monitoring Report on The Fifth Session of the Parliament of Kurdistan, , Second report, Sulaymaniyah,2018.

15- Monitoring and Evaluating, For the Kurdistan Parliaments Work, Thirteenth report, (6/11/2013-6/11/2018), Erbil, 2019.

16- Monitoring and Evaluating, For the Kurdistan Parliaments Work, The first report,(6/11/2018-31/8/2019), Erbil, 2019.

17- Monitoring and Evaluating, For the Kurdistan Parliaments Work, The second report,(1/9/2019-29/2/2020), Erbil, 2020.

18- Monitoring and Evaluating, For the Kurdistan Parliaments Work, The third report,(1/3/2020-31/8/2020), Erbil, 2020.

19- Monitoring and Evaluating, For the Kurdistan Parliaments Work, The Fourth report,(1/9/2020-31/12/2020), Erbil, 2020.

20- Independent Boards of Kurdistan Regional Government Between Commitment to the law and violations, , Fifth report, Erbil, 2021.

21- Monitoring and Evaluating, For the Kurdistan Parliaments Work, Sixth report,(1/3/2021-31/8/2021), Sulaymaniy, 2021.

22- MPs Performance Assessment Report, Seventh Report, 5th Parliamentary Session, (1/3/2020-28/2/2021), Erbil, 2021.

23- Monitoring and Evaluating, For the Kurdistan Parliaments Work, Eighth report,(1/9/2021-28/2/2022), Sulaymaniy, 2022.

24- MPs Performance Assessment Report, Ninth Report, 5th Parliamentary Session, (1/3/2021-28/2/2022), Sulaymaniy, 2022.

25- Monitoring and Evaluating, For the Kurdistan Parliaments Work, Tenth report,(1/3/2022-31/8/2022), Sulaymaniy, 2022.

26- Real Estate Tax policy monitoring in Kurdistan Region Government- Iraq, Erbil, 2023.

27- Monitoring and Evaluating, For the Kurdistan Parliaments Work, Eleventh report,(1/9/2022-28/2/2023), Sulaymaniy, 2023.

28- MPs Performance Assessment Report, Twelfth Report, 5th Parliamentary Session, (1/3/2022 -28/2/2023), Sulaymaniy, 2023.

29- Kurdistan pariament from where to where? its a comparative on parliamentary work between the five rounds of kurdistan parliament (1992-2023), Thirteenth Report, Sulaymaniy, 2023.

30- What did the Kurdistan Parliament do after extending its legal term? Forteenth Report, Sulaymaniy, 2023.

31- The status of the rule of law in the Kurdistan Region. Fifteenth Report, Sulaymaniy, 2023.

32- Illegal retirement, Sixteenth Report, Sulaymaniy, 2024.

PAY INSTITUTE
For Education & Development

# ئینستتیوتی پەی بۆ پەروەردە و گەشەپێدان

ئینستیتیوتی پەی لە(26ی تشرین دووەمی2013) لەلایەن فەرمانگەی رێکخراوە ناحکومیەکانی هەرێمی کوردستان و لە (20/2/2022) لە فەرمانگەی رێکخراوە ناحکومییەکانی عیراق لە بەغدا تۆمارکراوە، رێکخراوێکی ناحکومی سەربەخۆی قازانج نەویستە.

پەی بەنیگایەکی گەش بینانە کاردەکات بۆ سودی گشتی لەپێناو فەرمانڕەوایەکی پێگەیشتوو. ئینستتیوت مەبەستیەتی، لەرێگای توێژینەوەی زانستی و ستراتیژی، بەشدارییەکی درووست بکات بۆ باشترکردنی باری پەروەردەیی، یاسایی، تەندروستی، ئابووری، و سەرجەم بوارە جیاجیاکانی سیستەمی فەرمانڕەوایی لەهەرێمی کوردستان، تا هاوکارێکی راستەقینە و پردێک بێت بۆ بەستنەوەی کۆمەڵە مەدەنیەکان بەیەکتری بۆ هێنانە کایەی کۆمەڵێکی مەدەنی، ئاسودەی، بەختەوەر لە هەرێمی کوردستان.

## کورتەیەک لەسەر پرۆژەکانی ئینستتیوتی پەی:

1. پرۆژەی کاری هاوبەشی نێوان رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و دەزگاکانی خوێندنی باڵا لە هەرێمی کوردستان.
2. پرۆژەی چاودێری پەرلەمانی کوردستان.
3. پرۆژەی چاودێریکردنی کارەکانی وەزارەتی پەروەردە.
4. پرۆژەی چاودێریکردنی کارەکانی وەزارەتی خوێندنی باڵا.
5. پرۆژەی چاودێریکردنی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و راپرسی.
6. پرۆژەی چاودێریکردنی دەستە سەربەخۆکات لە هەرێمی کوردستان.
7. پرۆژەی چاودێری جێبەجێکردنی سیاسەت و رێوشوێنەکانی باجی خانووبەرە لە هەرێمی کوردستان.

بڵاوکراوەکانی ئینستتیوتی پەی بۆ پەروەردەو گەشەپێدان

ژمارە (104)




www.payinstitute.org